# ماددە بێهۆشکەرەکان

## پەتای ترسناك، چاونووقاندن قبوڵ ناکات

مەواد موخەدەر، یان وەك لای خۆمان ناسراوە ماددەی بێهۆشکەر، یان سڕکەر، شتێك نیە مرۆڤ لەبەرامبەریدا بێدەنگی هەڵبژێری. هەرچەند مێژووی ئەم پەتا ترسناکە، یان وردتر بڵێین سەرهەڵدانی دیاردەی گیرۆدەبوون بە ماددە بێهۆشکەرەکان، تازە نیە و بۆ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەلاّم لە هەرقۆناغەو بە جۆرێك مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئێستاش کە بۆتە گرفتێکی گەورەی زۆر لە ولاّتان، سەرچاوەکەی لەو مامەڵەیە هەڵدەقوڵێ، کە بەملیۆنان مرۆڤ لە سەرتاسەری دنیا لەسەری ڕاهاتوون.

کارەساتی مەوادی بێهۆشکەر هێندە گەورەیە، جیهان لەئاستیدا رووبەڕووی گرفتێکی مەزن بۆتەوە.

ئەمەش وای کردووە هەر ولاّتە و لەلای خۆیەوە کار بۆ ئەوە بکات مەترسییەکە لەخۆی دابڕێ و بەجۆرێك لە جۆرەکان بیگوازێتەوە ولاّت، یان شوێنگەیەکی دیکەی جیهان.

زۆرجار ڕێوشوێنە یاسایی و ئەمنیەکانی دوورخستنەوەی ماددە بێهۆشکەرەکان لە هەندێك ولاّتدا هێندە توندو تۆڵ و بەبەرنامەن، لە کاتی بوونی کەمترین حاڵەتی گیرۆدەبوون بەم ماددانە، پەنا دەبرێتە بەر گونجاوترین ڕێگای لە نێوبردن یان کەمکردنەوەی حاڵەتەکان.

مەترسیەکە ئەوەندە گەورە و ماڵوێرانکەرە، کەسێکی وەك جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا لەیەکێك لە دیمانە تەلەفزیۆنیەکانی ئەم دوایەیدا بە راشکاوی ئاماژە بە مەترسیەکانی ئەم پەتایە بکا و لە کاریگەریە خراپەکانی بدوێ، نەك هەر ئەم ماددانە، ئەو بە ئەرکی ئەندامانی هەرخێزانێکی ولاّتەکەی دەزانێ خۆیان لە هەموو جۆرە ماددە یان خواردنەوەیەك، کە بێهۆشکەوتن و گیرۆدەبوون و لادانی بەدوادادێت بەدوور بگرن، تەنانەت باس لەو چاودێری و ڕێوشوێنانەش دەکات، کە بەرامبەر خودی خێزانەکەی خۆیشی پەیڕەوی دەکات .

ماوەیەکە لێرەو لەوێ ئاماژە بە بوون، یان دەرکەوتنی هەندێك نیشانەی راهاتنی گەنجی کورد، بەتایبەت لە هەندێك ناوچەی سنووریدا لەسەر ئەم ماددە ماڵوێرانکەرانە دەکرێت، راستە حاڵەتەکان ئاستێکی فراوانیان وەرنەگرتووە، راستە خەڵکی بە روونی هەست بە ئالودەبوونی گەنجان بەم ماددانە ناکات، بەلاّم بمانەوێ ونەمانەوێ بوونی هەیە و .. رەنگە هەقی ئەوەمان هەبێ وەك دیاردەیەك سەیری بکەین.

کەسانێکی ئاگادار دەڵێن سەرچاوەی ئەم مەترسیە لە ئێرانەوە پەڕیووەتەوە کوردستان، چونکە وەك دیارە رۆژهەلاّتی کوردستان ئێستا لەهەموو کاتێك زیاتر بەدەست ئەم پەتایە دەناڵێنێت، بلاّوبوونەوەی ئەم دیاردەیەش لە نێو لاوانی رۆژهەلاّتدا دەستێکی سیاسی لەپاڵدایە.

کەواتا بۆچی لەئاست خەمێکی گەورەی نێو خێزان، پەتایەکی کوشندە، دۆڕانێکی ئاشکرای هەزاران گەنج، چاو بنووقێنین و قسە نەکەین.. لەبەرامبەر ئەم مەترسیەی سەردەم زومی کامیراکان وەرگێڕین، رووپەری گۆفار و رۆژنامەکان دوور بگرین؟..

جێی خۆیەتی میدیا لە ئاست نیشانە ترسناکەکانی ئەم پەتایە بێتە دەنگ، لە سەرئاستی میللی و حکومی ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر.. پلانی زانستی، ئەمنی ، تەندروستی بوونی هەبێ..

ئەوەتا کارەساتێك چ بچووك چ گەورە بەڕێوەیە، لە ئێستاوە دووکەڵ و تەموومژی هێرشمان بۆ دێنێ و گەرەکیەتی لە کونە بچووکەکانی خەیاڵ و نەست و ناخمانەوە وەژوورکەوێ، لە دەرگامان دەدا و پەنجەرەکانی ماڵی هزرو وشیاریمان لەسەر کلۆمدەدات.. رووبەڕوومان دەوەستێ و شەڕمان پێدەفرۆشێ، شەڕی گیرۆدەبوون و شەڕی کوشتنێکی لەسەر خۆ و بێدەنگ.. وەك دەڵێن هیچی کەمتر نیە لە شەڕێك، کە تانك و تەیارە و تۆپی تیادا بەکار دەهێنرێت..

( کۆوار) وەك ئەرکێکی رۆژنامەوانی و بۆ خستنە رووی کاریگەری و کیشە و مەترسیە پەیوەندارەکانی ئەم بابەتە، ئەم مەلەفەی ئامادەکرد.

کۆوار

### بەشداربوونی مەلەف

د.محەمەد ناسر

د. رەشــید حەمید

د. رۆژان خـــــالید

ئیسماعیل ئیبراهیم

نوری بێخاڵی

# مادده سڕکەرەکان، وەك هەڕەشەیەك لە شارستانیەت و مرۆڤایەتی

د. محەمەد ناسر*

یەکێک لەکێشە سەرەکیەکانی هەرەشەکەڕ لە شارستانیەت و مرۆڤایەتی بوونی هیرۆین و کۆکاین و مادده سڕکەرەکانی دیکەیە، کە هەرەشە لەبەرەو



پێشڤەچوونی کۆمەڵگا دەکات. ئەم ماددانە وایان کردووە، کە پتر لە یەك ملیۆن کەس گیانیان لەدەستبدەن، بەهۆی ماددەی سڕکەری وەك هێرۆین و کۆکاین، سەدان هەزار کەس لە لەنێو شارو شارۆچکە و گەڕەك و خێزان دەکوژرێن. خواردنەوەی کهول و سەرخۆشی و ڕووداوی هاتووچۆ و کێشەی تری ئاسایی، کە هەموومان پێی دەزانین و هەموومان تامە خراپەکەیمان چەشتووە، کاریگەری زۆریان لەسەر کۆمەڵگا هەیە. ماددەیەکی سوکی وەکو جگەرە، کە ماددەیەکی هۆشبەرە و ماندوویی ئەحەسێنێتەوە، گلێنەی چاو زەقدەکات و کاریگەری کەمە لەسەر مێشك هەیە. نیکۆتینێك لەو ماددەیە هەیە، کە چوارەمین یان پێنجەمین هۆکاری سەرەکی مردن و نەخۆشیە لە زۆربەی ولاٚتانی پێشکەوتووی دونیا، لە ولاٚتانی هەژار و جیهانی سێیەمدا هەیە، لە هیندەوە بگرە تا پاکستان و لە فیلیپین تا ئەمریکا و بەریتانیا و ئەلمانیا و ولاٚتە پێشکەوتووەکانی دونیا. لەبەرامبەر ئەم هەڕشەیە و بۆ لەناوبردنی ئەم مادده سڕکەرانە، کە لەسەر مرۆڤە زیانیان هەیە هەریەك لەبوارەکانی (پزیشکی،پەرستیاری، دەروونزانی، کۆمەڵناسی، یاسایی) خەریکی چالاکی و بەرەنگاین. مادده سڕکەرەکان هەڕەشەن بۆ سەر شارستانیەت و مەترسییەکی گەورەن بۆ مرۆڤ لەهەموو ڕووێکەوە.

ئەوەتا ئەمریکا و کەندا (27) ساڵە رێژەی هیرۆینیان هێناوەتە خوارەوە و دەستیان کردووە بە بەرنامەی ستراتیژی و بەرفراوان بۆ کەمکردنەوەی کۆکاین و ماددەکانی تر. ژاپۆن دوو ساڵ لەمەوپێش زۆر بە شانازیەوە رایگەیاند، کە لەسەدا(35) رێژەی کێشانی جگەرەی لەناو جەماوەری خۆیدا دابەزاندووە. بەم هۆیەوە زیانێکی ئابوری زۆر قورس کەمبۆتەوە. هەروەها لە ولاٚتانی جیهانی سێدا، تایلەند ئێستا پێنجەمین ولاٚتی دونیایە لە پەرەپێدان بە زانستی بەرگری لە ماددەی سڕکەر. ئێران و میسریش لە لای خۆیانەوە ساڵانە دادوەر و قازیەکانیان کۆدەبنەوە بۆ پێداچوونەوە و چاککردنەوەی یاساکان، دەربارەی سزادانی ماددەی سڕکەر بۆ ئەو کەسانەی، کە سزا دەیانگرێتەوە. لە دوبەی ڕەنگە( 20 تا30 ) کەسی ئیدمان هەبێت،کە لە ئێران و ئەفغانستان وەك کرێکار و بە مەبەستی کارکردن هاتوونەتە ئەوێ، نەخۆشخانەیەکی پێنج نهۆمی زۆر ئامادە و گەورەیان بە هەموو ستاف و پزیشکێکەوە بۆ چارەسەرکردن و دابینکردنی دەرمانی ئەو تووشبوانە هەیە. بەداخەوە لە هەندێ ولاٚتدا نموونەش کوردستانی خۆمان هێشتا سەرنج و بابەتی زانستی، یاسایی، کۆمەڵگایی، بەهۆی هەندێ دۆخی تایبەتەوە، سەرنجی میدیاکانی بۆ رانەکێشراوە،

ئەمەش بێگومان بەرنامەی نەتەوەیی پێویست و گەرەکە، بەرنامەیەك، کەهەم یاسایی و رامیاریە، هەم ئاسایش وهەم لایەنەکانی تری پزیشکی و تەندروستیش دەگرێتەوە. هەمدیس لایەنی ئابوری و دام و دەزگاکانی پەروەردەش دەگرێتەوە.

لە دونیادا وڵاتانێك کە بەرگری دەکەن دژ بە ماددەی سڕکەر، بەشێوەیەکی گشتی زۆر لەبیری ئەوەدانین، کە بنبڕی بکەن. یان ئەوان وەکو پێویست نەیانتوانیوە بەر لەم دیاریدەیە بگرن. بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە، ڕێوشوێنی ئاسایش و یاسایی و گرتن و سزادانی قاچاغچی دەگرێتەوە، کە تائێستا زۆربەی وڵاتانی دونیا شکستیان لەم مامەڵەیەدا هێناوە.ئەوەتا کەم و زۆر ماددەی سڕکەر هەردێت و ناشتوانرێ بەر لەم ماددە سڕکەرانە بگیرێ، چونکە ئەم دیاردەیە بە سنوربەستن چارەسەردەکرێت، بەڵام دەبێت سنور ببەسترێت و چۆن ببەسترێت؟. ساڵی 1998 تەنها لە نێوان سنوری ئێران و ئەفغانستان پێنج هەزار پیاو و ژنی بەساڵاچوو دەستگیر کرابوون و نەدەزانرا چیان لەگەڵ بکەن. ئەم پیاو ژنانە لەبەر هەژاریان و لەپێناو پەیداکردنی پارە پەنایان دەبردە بەر ئەم کارە و ئەچوون بەستە بەستە لە عەلاگەیەکی بچووك، کە هیرۆین و کۆکائین و تلیاکی تێدا جێگیر کراوە بە سکیان، بە مەعیدەیەکی پڕەوە لە سنورەوە ڕەت ئەبوون. بەرپرسێکی ئێرانی دەڵێت: "ئێمە ئەمانە دەگرین، نازانین بۆ بیانکوژین، خۆ هەر نازانین چیان قوتداوە، نازانین بە کەڵکی چ دێ، نازانین زەرەری چییە، ژن و پیاوێکی بێسەواد و نەزان بۆ خاتری پارە و لە برسان ئەم ئیشەیان کردووە.. ئێمە ئەوە بە قاچاخچی دابنێین، چی بکەین، بەریدەین، بیگرین، نازانین چۆن مامەڵەیەکیان لەگەڵ بکەین". لایەنێکی تری ئەم ماددانە ئەوەیە، کە تەنها سەدا35٪ لەو تووشبوانە لە وڵاتانی پێشکەتووی دونیا سەردانی پزیشك دەکەن و دەڵێن: " ئێمە خومان بە فلان ماددەی ژەهراوی گرتووە، چارەسەرم بکە". خەڵکانێك هەن یەك دووجار جەڵتە لێیداون، کە



ناڕەحەتی دڵ و شەکرە و فشاری هەیە، پزیشك پێی وتوون ئەگەر جگەرە تەرك نەکەی 6ساڵی تر تووشی مەرگەسات دەبی و لەناو دەچی، بەڵام ئیتر جگەرەی بۆ تەرك ناکرێت، کە چووە لای پزیشك پێی دەڵێت: جگەرەت کێشاوە.

بەم شێوەیەش ئەم مرۆڤە تێنەگەیشتووە، کە دیاردەیە لە کوێوە هاتوە و چۆن سەریهەڵداوە.

کوڕێك کە تەمەنی لەنێوان( 15–16 )ساڵیدایە بەهەمان شێوە تووشی ئەم دیاردەیە دەبێت، ڕۆژانە دوو دانە جگەرە دەکێشێت، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر لایەنە ئابووریەکەی دەبێت و بیر لەوە ناکاتەوە، کە لە ژیانی شارستانیەت و لە تەمەنی (40 تا 50 )ساڵی کێشەی بۆ دروستدەبێت. ئەگەر بێت و لە لایەن پزیشکەکان توێژینەوەیەك لە نێوان پۆلیس و فیتەرەکان بکرێت، ئەوا لە 5 ساڵی رابردوودا ئەگەر 220 کەس بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل، مردبن ئەوا( 500 تا 600 )کەس ئیفلیج بوونە و لەشساغی خۆیان بەهۆی بەکارهێنانی ئەم ماددانە لەدەست داوە. سەدا 60ی هۆکاری دزی و تالان و تەقەکردنی بێ هۆ و ڕووداوی هاتووچۆ و چەقۆکێشی، هۆکاری سەرەکی خواردنەوەی کهولە. بۆ بەرگەگرتن لەم دیاردەیە لە وڵاتانی دونیادا باس لەوەدەکرێت چی بکرێت چ جۆرە زانیارێك بدرێت بە دایك و باوك و مامۆستایان، بۆ ئەوەی گەنجان خۆیان لەم کارانە بەدوور بگرن، یان کە گەورەبوون داخوازی ماددەی سڕکەر نەکەن. بێگومان پێویستە مامۆستایان لە قۆناغی منداڵیەوە، منداڵ لە قوتابخانە لەوە ڕابهێنن، کە لەم ماددانە دووربکەونەوە.

لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم ماددانە گۆرانکاریەکی گەورە لەکایە کۆمەڵایەتیەکان ڕوودەدات وەك تەڵاق و خۆکوشتن و دورکەوتنەوە لە خێزان و چەندان کاری تری نیگەتیڤ ڕودەدات.

*** خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا لەبواری دەروونزانی و پەروەردە.**

# مادده بێهۆشکەرەکان، یان ورژێنەرە دەروونییەکان

د.رشید حەمید*

مادده بێهۆشکەرەکان یان مادده سڕکەرەکان، باشتر بڵێن مادده ورژێنەرە دەروونیەکان لەبەرئەوەی ناوە زانستییەکەی (Psychoactive substances) زیاتر ئەو واتایە دەبەخشێت، چونکە بەکارهێنانی ئەم ماددانە ئەگەر بەڕێژەیەکی زۆر نەبێت نابێتە هۆی بێهۆشکردنی کەسەکە، بەڵکو دەبێتە وروژاندنی دەروونی و سێکسی، ئەم ماددانە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێن بە شەش گروپی سەرەکییەوە:

## 1- (opioids) ئۆپیودەکان:

ئەم گرووپە پێکدێت لە ماددەکانی مۆرفین و هیرۆین و کۆداین، هەروەها دوو ماددەی تری دەستکردیش، کە ئەوانیش (پیپدین و میپادون)ە، بە کارهێنانی ئەم ماددانە دەبێتە هۆی زیادبوونی ووزە و توانا و بەرزبوونەوەی خۆشی دەروونی و جەستەیی و سێکسی، بەربڵاوترینیان لە بەکارهێنان ماددەی (هێرۆین)ە، کە زیاتر کاریگەری نەخۆشی دەروونی و جەستەیی هەیە، ئەم ماددانە لە ڕێگای دەم یان خوێنهێنەرەکانەوە بەکاردێن.

## 2- (Anxyiolytics and hypnotics) خەم ڕەوین وخەوهێنەرەکان:



ئەم گرووپە دوو بەشی سەرەکی دەگرێتەوە، ئەوانیش (Barbiturates) و(Benzodiazepines) ئەم دەرمانانە لە ڕێگای دەم، یان خوێنهێنەرەکانەوە دەدرێت، کە کاریگەریان دەبێتە دڵەڕاوکێ و خەم و سەرئێشە و توندی و هەروەها خەولێخستن لە کاتی خەوزران و نارەحەتی.

## 3- (Stimulants) ورژێنەرەکان:

ئەم گرووپەش پێکدێت لە (Amphetamine) ئەمفیتامین و (Cocaine) کۆکائین و (Eetasy) ئیکتاسی، ئەمفیتامین لە ڕێگای دەم یان هەڵمژین یان لەڕێی خوێنهێنەرەکانەوە بە دەرزی لێیدەدرێت، ماددەی کۆکائین لە ڕێی لووتەوە هەڵدەمژرێت، یان هەندێك جار بە دەرزی لێیدەدرێت و ئیکتاسی لە ڕێی دەمەوە وەردەگیرێ ، لەم ساڵانەی دوایدا بە تایبەتی دوای ساڵی 1980 زۆر بەبەربڵاوی بەکاردێت، بە تایبەتی لەنێو ئەو کەسانەی لە یانەکان سەمادەکەن، کە هەستی زۆر خۆش و توانای جەستەی زیاد بەو کەسە دەدات.

## 4- (hallucinogens) وڕێنەرەکان:

ئەم گرووپە چەند ماددەیەکی تێدا هەیە، کە هەندێکیان دەستکردن، وەك(LSB) هەندێکیان لە سروشتدا هەن، کە جۆرە کوارگ (قارچك) یێکە.. جۆرێکی تری دروستکراویش هەیە پێیدەوترێت (phencyclidine) "PCP" هەروەها پێی دەوترێت (Angel dust) واتە (تۆزی فریشتە). بەکارهێنانی ئەم ماددانە دەبێتە زیادبوون و تێکچوون، یان تێکەڵاوبوونی هەستەکان وەك هەستکردنی دەنگ بە وێنەی بینراو، یان هێواش ڕۆیشتنی کات، هەروەها زل و فش بوونەوەی جەستەی، کەسەکە وا هەست دەکات لەدەرەوەی جەستەیی خۆیدایە.



## 5- (Cannabis) کەنابیس:

ئەم ماددەیە لە جۆرە ڕووەکێك دەردەهێنرێت، کە لە گیایەکەی یان گوڵەکەی بە وشك کراوەیی و هاراوەیی دروستدەکرێت، کە پێی دەوترێت (Cannabis sativa) بەکارهێنانی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەوەسەکانی مرۆڤ و لەزەت و خۆشی دەداتە جەستە و دەروون، کات و شوێنی لێدەشێوێت.

## 6- (Organic Solvents) توێنەرە ئۆرگانیەکان:

ئەمەش هەندێك ماددەی هەڵچوونی ئۆرگانی دەگرێتەوە، وەك مادده پاککەرەوەکان، سمغ، سیکۆتین،پەترۆڵ و بیوتان، پاش گەرمکردنی ئەم ماددانە هەڵمەکەیان هەڵدەمژرێت، بەمەش هەستێکی خۆشی دەدات بە جەستە و دەروون، ئەم ماددانە بە زۆری لەلایەن گەنجەکانەوە بەکاردەهێنرێن.

کاریگەرییە تەندروستییە خراپەکانی ئەم ماددانە:

بەکارهێنانی ئەم ماددانە کاریگەری تەندروستی زۆر

خراپی هەیە، بەتایبەتی کاتێك کە بەشێوەیەکی زیاد بەکاردەهێنرێت، یان لە کاتی لێگرتنەوەی ماددەکە، لە هەمان کاتیشدا لە رووی یاساشەوە قەدەغەکراوە



و بەکارهێنان و هەڵسوکەوتکردن بەم ماددانە رووبەڕووی سزای یاسایی توند دەبێتەوە.

دەتوانین کاریگەری خراپی ئەم ماددانە لەسەر تەندروستی مرۆڤ لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

**1-کاریگەری خراپی یان ژەهراوی راستەوخۆی ماددەکە بۆسەر تەندروستی مرۆڤ:**

ئەم کاریگەریانە بەپێی خوو و رێژەیی ماددەکان دەگۆڕێت، وەك تەنگە نەفەسی و کەمبوونی ئارەزووی خواردن و قەبزبوون، تامەزرۆبوونی بۆ ماددەکە،نارەحەتی، خەولێنەکەوتن، ئێشی جومگە و ماسولکە و ئاو هاتنە خوارەوە لە دەم و لوت و ئارەقەکردن و سك ئێشە و سك چوون (هەندێ جار)، وێڕای زیادبوونی لێدانی دڵ. ئەمانە هەموو لە کاتی زیادبەکارهێنان و یان لێگرتنەوەی ماددەی (ئەفیون) رووەدەدەن. هەروەها پیس و پۆخلی و خۆ لەبیرکردن و بەدخۆراکی و چاو لەرزین و پەڵپ بوونی زمان و گێژبوون و بێ هەوەس و ناڕەحەتی و سکچوون و ئارەقەکردن و سەرئێشە و ئێشی ماسولکە، ئەمانە هەمووی لە بەکارهێنان و یان لێگرتنەوەی ماددەی هێورکەرەوە و خەولێ هێنەرەکان رووەدەدەن( Anxyiolytics and hypnotics)، لەگەڵ وڕێنە و خۆلەبیرچوونەوە ،دەرچوون لە کەسایەتی راستەقینە، کە زۆر لە نەخۆشی شیزۆفینیا (Schizophrenia) دەچێت. توندوتیژی و خەمۆکیش لە بەکارهێنانی ماددە ورژێنەرەکان رووەدەدەن (Stimulants).هەروەها دڵەڕاوکێ، دڵەکوتێ، تەنگەنەفەسی لەرزینی چاو، گێژبوون، تێکچوونی رۆیشتن و هاوسەنگی، ڕشانەوە، بێهۆشبون و وڕێنەکردن، لە بەکارهێنانی ماددە ئۆرگانیەکانی وەك (سیکۆتین) زۆر ڕودەدەن.

**2-مەترسییەکان لە رێگاکانی بەکارهێنانی، وەك ئەوانەی لەڕێی خوێنهێنەرەکان بە دەرزی لێدەدرێت دەبێتە هۆی:**

1-مەینکردنی خوێنی ناو خوێنهێنەرەکان و رەقبونی بۆرییە خوێنیەکان.

2-هەوکردنی شوێنی دەرزی لێدانەکە و پیسبوون و برن پەیدابوون لەشوێنەکە.

3-هەوکردنی پەردەی ناوپۆشی دڵ، بەهۆی ئەو میکرۆبانەی لەرێی ئەو دەرزیانە دەچنە ناو خوێن.

4-هەوکردنی جگەر بە ڤایرۆسی ( Hepatitis B virus).

5-توشبوون بە نەخۆشی ئایدز (AIDS) بەهۆی ڤایرۆسی (HIV).

**3- کاریگەری خراپی کۆمەڵایەتی:**

1-دابڕان لە کارو دەوامی خۆی و فەسڵبوون لەکار و تێکچوونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵایەتی و گوێ نەدان بە ماڵ و منداڵی خۆی.

2-سەرفکردنی هەموو ماڵ و موڵکی خۆی بۆ کڕینی ئەو ماددانە، کە هەندێکیان زۆر گرانن.

3-بۆ پەیداکردنی ماددەکان تووشی کاری نایاسایی دەبن، وەك دزی و جەردەیی و لەشفرۆشی ئافرەتان.

4-بەهۆی بە کارهێنانی ئەم ماددانە شێوەی گرووپ دروستدەکەن، کە لەئەنجامدا رێکدەکەون بۆ کاری خراپ و دزی و رێگری.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەم ماددانە بەشێوەیەکی بەربڵاو بەرهەمدێت لە هەندێ وڵاتی دراوسێی کوردستان بە تایبەتی لە ئەفغانستان و ئێران و پاکستان و هەندێ وڵاتی تر، بەشێوەیەکی نایاسایی بازرگانی پێوەدەکرێت لە نێوان وڵاتاندا و ئەم جۆرە بازرگانیە کوردستانی ئێمەشی گرتۆتەوە. ئەگەرچی بەو شێوە فراوان و بەربڵاوە نییە، بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا رێژەکەی زیاتربوە و لە شارو شارۆچکە سنوریەکان ئەم دیاردەیە دەبینرێت. چەندەها نموونەمان بەرچاوکەوتووە لەم دوایەدا زۆربەیان هەڵسوکەوت لەگەل دەرمانەکان دەکەن، هەندێکیان ئەفیون و تلیاك بەکاردەهێنن. ئەم حاڵەتەش لەبەر زیادبوونی هاتوچۆ لە نێوان کوردستان و دەوڵەتە دراوسێیەکانی و کەمی چاودێریی و زۆربوونی ئەو ماددانە لەو وڵاتانە و گەڕانەوەی هەندێ گەنج بۆ کوردستان، کە لەو وڵاتانەی پێشتر لێی بوون فێری بەکارهێنانی بوونە.

بەکارهێنانی ئەم ماددانە یان بازرگانی پێوەکردنیان رووی لە زیادبوون کردوە، لەگەڵ چاودێری توندی دەزگاکانی ئاسایش و هەوڵی حکومەت بۆ نەهێشتنی فرۆشتنی دەرمان و ماددە سڕکەرەکان لە دوکانە ناڕەسمیەکان و بازرگانیکردن پێوەیان، بەڵام دیسانەوە لێرە و لەوێ چ بە بەکارهێنان و چ بازرگانی پێوەکردنی ئەم ماددانە دەبینرێت، کە پێویست دەکات توانای زیاتر بەکاربهێنرێت بۆ تەواو بنبڕکردنی ئەو کارانە.

* پسپۆری نەخۆشیەکانی هەناو

# کارەساتی مەوادی بێهۆشکەر



د. ڕۆژان خالید*

## پێشەکی

کێشەی مەوادی بێهۆشکەر بەگشتیی کێشەیەکی جیهانییە و هەموو دونیای گرتۆتەوە، دڵە ڕاوەکی خستوتە ناو کۆمەڵگا. بەداخەوە ئەم بەلا ماڵوێرانکەرە وەك قەیرانیکی کۆمەڵایەتی، کەسایەتی وڵاتی کوردەواریشی گرتووتەوە. بەپێی ڕاپۆرتی میدیاکان ڕادەی موعتادان لە کوردستان روو لە پەرەسەندن دایە.

بەستنی ئەو هەموو سمینارو گۆنگرەو کۆڕ وکونفرانسانە لە سەر زیان و زەرەری بەکار هێنانی ماددەی بێهۆشکەر، ئەو ڕاستییە دەسەڵمێنن کە ئەمڕۆ هیچ وڵات و هیچ نەتەوەیەك و هیچ مرۆڤێك ناتوانێ مەسەلەی ئەم کارەساتە لە بیربکات و چاوی لێ بقوچێنێ.

ئەگەر سەیریکی مێژوو بکەین وادەردەکەوێ لەوکاتەوە مرۆڤ بیری کردۆەتەوە بۆ چارەسەری ژان و ئێش و نەخۆشی ڕێگایەك بدۆزێتەوە، کەڵکی لە مەوادی سڕکەر و بێهۆشکەر وەرگرتوە.

بە پێی بیرو باوەڕی کارناسان و پسپۆرانی کۆمەڵایەتی و پزیشکی، هۆی سەرەکی گیرۆدە بوون بە ماددەی سڕکەر لە نێو خەڵکدا کێشەی وەك بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی و کەسایەتییە. گرفتی بنەماڵەیی وەك هۆشیار نەکردنەوەی منال لە لایان دایك و باوك لە پێوەندی لەگەڵ زیان و زەرەرەکانی مەوادی سڕکەر، ئاگادارنەکردنەوەی منداڵ لەهەڵبژاردنی دۆستان و ئاشنایان، گوێنەدان یان بەکەمگرتنی بیروباوەڕی لاوان، پێوەندی نازانستیانەی گەورەکان لەگەڵ بابەتی سۆزداری، بەکارهێنانی ماددەی سڕکەر و جگەرە وئەلکهول لە لایان گەورەکانەوە لە ماڵەوە.

لایەنی کۆمەڵایەتی، بێکاری، گیروگرفتی ئابووری، جیاوازیی کاروکاسبیی ، نادیاری دواڕۆژی لاوان، نەبوونی شوێن و جێگای سەیران و وەرزشی، موتاڵەعاتی، بەجێ هیشتنی قوتابخانە و زانکۆ، دروستکردنی بیروڕاو رای گشتی لەزیان و زەرەری مادە بێهۆشکەرەکان لە لایان دەزگاکانی راگایاندن، هەموو ئەوانەی ئاماژەم بۆکردن دەستیان داوەتە یەك و بوونەتە هۆی پەرەسەندنی ئەم بەلا مالویرانکەرە.

جیگای ئاماژە پێکردنە، کە بارستەیی بازرگانی مافیایی ماددەی سڕکەر لە دونیادا نزیك بە پێنج سەد ملیۆن دولارە لەساڵێکدا.

پێش ئەوەی لەباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرنجی کێشەی مەوادە بێهۆشکەرەکان بدەم، لایانە پەیوەندیدارەکانی ئەم کێشەیە



شرۆڤەبکەم، من زۆرتر لە باری تەندروستییەوە بۆ کێشەکە دەچم و مەبەستم زۆرتر ڕۆشنبیریی تەندروستییە لە مەڕ ئەم بابەتە. بێگومان: خۆپاراستن باشترین چارەسەرییە، پێش ئەوەی گیرۆدەی بین، ئەگەر بتوانیین لێی دوورکەوینەوە، باشترە؟

### گرفتی گشتیی:

بەکار هێنان وکەڵك وەرگرتن لە ماددە هۆشبەرەکان واتا" نارکۆمانیزم" لە سەردەمی ئیستا دا بێگۆمان یەکێك لە کێشە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتین. ئەم بەلا گەورەیە ژیانی ملیۆنان مرۆڤ و سەرمایەی گەورەی میللی و کۆمەلایەتی و نەتەوایەتی خستۆتە مەترسییەوە و زیانەکانی ئابووری، جەستەیی، ڕەوانی، بنەماڵەیی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی ولەش ساغی زۆرگەورەی لێکەوتۆتەوە و بەم زوانە قەرەبوو ناکرێتەوە.

### ئاماژەیەکی میژوویی و ژمێریاری:

بە درێژایی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ ڕاستییەکی مێژوویی دەردەکەوێ، کە مرۆڤ وەك زیندەوەرێکی بە هزر و هۆش هەمیشە لە حاڵی پێشکەوتن دایە و لەم ڕێگایەدا زۆر جاریش تووشی لادان و قەیران بووە.

ریشەی ئەم قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ یازدە هەزار ساڵ لەمەوبەر، واتا سەردەمی سۆمەریەکان، کە شیرەی تلیاکیان گرت. بەپێی ئەم بەڵگانەی کە لە مێژوودا هەن، لە پێشدا سۆمەریەکان تلیاکیان وەك دەرمانیکی ئارام بەخش و دژی ئێش بەکاردەبرد، بەڵام پاشان پەرەیان پێدا و کەم کەم وەك ماددەی سڕکەر کەڵکیان لێوەرگرت. بە داخەوە کارەساتەکەی ئەمڕۆ لە بەرچاوە و ئێستا لەدنیادا نزیك بە پێنج سەدملیۆن کەس گێرۆدەی بوونە.

### وڵاتانی بەرهەمهێنی مەوادی موخەدیر لە دنیادا:

1–**ئەفغانستان**: لەم وڵاتەدا لە ماوەی 25 ساڵی ڕابردوودا بە هۆی ئاڵۆزی و شەڕ و شۆڕی نێوخۆ، گەورەترین سەرچاوەی داهاتی تاقم وکۆمەلانی ئەفغانی چاندن و بەرهەم هێنانی

تلیاك بووە. بەڵام دیسانیش ڕادەی بەرهەمی ساڵانەی تلیاك لە ئەفغانستان بە دروستی بەراوردناکرێ. بە گوێرەی ڕاپورتی ئینترپۆل، بەرهەمی تلیاکی ئەم وڵاتە لە ساڵی 1997دا 2800 تۆن ڕاگەیاندراوە. لە بەشیکی دیکەی ڕاپۆرتی ساڵی 95-96 ی ئەم ڕێکخراوەدا بەرهەمی تلیاك لە



ئەفغانستان 2500- 3000 تۆن بەراورد کراوە. لە ساڵانی 1999-2000 دا بەرهەمی تلیاك لەم وڵاتەدا بە نیزیکەی 3000-4500 تۆن خەملێندراوە.

2-**پاکستان**: بەشێك لە پشتێندی سنووری ئەم وڵاتە، کە دەکەوێتە سەر سنووری ئەفغانستان و ئێران، چاندن و بەرهەمهێنانی تلیاك و حەشیش و خەشخاش کارێکی هاسان و پڕداهاتە. لەم ناوچەنەدا لابراتۆری جێگیر وگەڕۆکی هێرۆیین و مۆرفین سازی زۆر چالاك هەن.

3-**ناوچەی سێ گۆشەی زێڕین**: وڵاتانی وەك کۆماری لاوس، میانمار و تایلەند لە ناوەندی چاندن و بەرهەمهێنانی ماددەی بێهۆشکەرن.

<u>جۆرەکانی ماددەی بێهۆشکەر و زیانەکانیان:</u>

ماددەکانی گیرۆدەکەر ئەو ماددانەن، کە بە هۆی بەکارهێنانیان چ بە شێوەی کیمیایی یان سروشتی لە مرۆڤ ئیعتیاد بوون بەدی دێنن. مەوادی موخەدیر بە پێی کاریگەری لە سەر چالاکی زەینی و کۆدەماری ناوەندی هەیانە، ئاوا دەستەبەندی دەکرێن.

1- مەوادی بێ هێزکەر، یان مەوادی کۆل کەری سیستمی کۆدەماری ناوەندی وەك تلیاك.

2- مەوادی خەیالات بزوێن، یان پاڵنەری سیستمی کۆدەماری ناوەندی وەك ئێل.ئیس.دی.

3- مەوادی بەهێزکەر، یان مەودای پێك هێنەری شەوق و وزە، وەك کۆکائین.

ئەم مەوادانە یان بەشێوەی سروشتی، یان بە شێوەی دەستکرد بەرهەم دێن، بە چەشنی جۆار و جۆری وەك کێشان یان لە ڕێگای خوێنبەرەکانەوە تەزریق دەکرێن. باوترینی ئەم ماددانە بریتین لە: تلیاك،

مۆرفین، هیدرۆمۆرفین، کۆکائین، کافێئین، نارکۆتین، مێتادۆن، هێرۆئین، ئیس.تی.پی و پی.ئیس.پی.

<u>زیانەکانی تەندروستی و لەشساغی لە سەرمرۆڤ.:</u>

***<u>تلیاك</u>***: تلیاك ماددەیەکە لە گیای خەشخاش (گوڵنار) وەدەستدێ. گوڵەکانی خەشخاش سووری مەیلە و ڕەشن لەناوچەکانی ئاو هەوا مام ناوەندی بەرهەم دێ. ئەم ماددەیە لە گورزی خەشخاش، سەرەتا وەك شیرەیەکی سپی دەردەکەوێ. پاشان بە هۆی تێکەڵ بوون لە گەڵ هەوا قاوەیی دەبێ و ڕەق هەڵدەگەڕێ و وەدەست دێ.

شێوەی بەکارهێنانی ئەم ماددەیە لە ڕێگای دووکەڵ کردن واتا کێشان، یان خواردن ئەنجام دەدرێ.

ئەم زیانانەی بە هۆی تلیاك لە سەر لەشی ساغی مرۆڤ شوێن دادەنێن، بریتین لەکار کەوتن وتێك چوونی دەزگای کۆدەماری ناوەندی، جێهێشتنی شوێنی خراپ لە سەر شانەکانی لەش، زەین کوێری و بێ ئاقلێ، سەرەگێژە، کەمنەفەسی و تەنگەنەفەسی، کە بە هۆی لەکارکەوتنی ناوەندی تەنەففوسی مەغزییەوە ساز دەبێ، برۆنشیت، ئامفیزم، نەخۆشی سیل، نەخۆشییەکانی سینگ و دڵ، ڕەگەکانی خۆێنبەر، دەزگای گۆواریش و تێك چوونی ڕەوانی- دەماری حەشیش:

ڕادەی مەسرەڤی ئەم ماددەیە لە چاو ماددەکانی تر یەکجار زۆرترە، گیایەکی قاوەیی ڕەنگە، کە لەگەڵ لاسکە و گەڵاکەی بەناوی کاناپلیس لە ناوچەی گەرمەسێر دەچێندرێ وبەرهەم دێ. شێوەی کەڵك وەرگرتنی تێکەڵ کردن لە گەڵ ئاوە، یان وەکو تووتن لە سەرقەلیان دادەندرێ، یان وەك جگەرە و پیپ دەکێشرێ، یان وەك جاجکە دەجوورێ. زیانەکانی ئەم ماددەیە بریتین لە بێهوشی یان لەهۆش چوونی بەردەوام بەهۆی تێك چوونی ناوکی مێشك، بێتوانایی لەجەم کردنەوەی فکردا، زیان گەیشتن بە کۆدەماری ناوەندی،شێتی، زووپیربوون، کوێرەزهنی، تێکچوونی کاری دەزگای گوواریش و خۆین وهەناسەکێشان، شوێنی خراپ لەسەر زاوزێ و هێزی سێکسی.



***<u>هێرۆئین</u>***: هێرۆئین وەك پۆدرە، یان تۆزێکی کریستاڵی سپی ڕەنگە، کە بەشێوی ڕاستەوخۆ لە مۆرفین هەڵدەهێنجێندرێ. ئەم ماددەیە بەشێوەی جۆراوجۆر بەکاردەبردرێ. وەك کێشان لە ڕێگای بۆڕی تەنەففوسییەوە، خواردن، تەزریق کردن لە ژێرپێست و نێو ڕەگە خوێنبەرەکان، کە ئەم شێوەیە لە چاو ئەوانی تر زۆر زووتر کاریگەری خۆی دەکات. هێرۆئین زۆرترین شوێنی خراپ لەسەر مێشك وکۆدەمار دادەنێ و دەبێتە هۆی خەمۆکی و ترس ونیگەرانی و گۆشەگیری وخۆکوژی.

هەروەها لەسەردەزگای کۆئەندامی هەناسە ودڵ، بەتایبەت دەزگای گوواریش شوێن دادەنێ ودەبیتە هۆی قەبز بوون و تەمبەڵ بوونی ریخۆڵەکان، وێکهاتنی گەدە و ریخۆڵەکان، لە نێچوونی ئانزیمەکانی هەرس کردنی خواردەمەنی لە گەدەدا، کەم ئیشتیایی وهێلنج هاتن و ڕشانەوە.

***<u>مۆرفین</u>***: مۆرفین لە ماوەی 15-20 چرکە لە سەر سیستمی کۆدەماری مرۆڤ شوێن دادەنێ و هەر وەك موخەددیرەکانی تر لەسەر دەزگا گرینگەکانی لەش شوێنی خراپ ومەرگ هێنەری هەیە. مۆرفین لە تلیاك وەردەگیرێ و پۆدرێکی کریستاڵییە بە ڕەنگی قاوەیەکی روون وسپی، کە بەشێوەی کێشان یان تەزریق بەکاردێت.

***<u>کۆکائین</u>***: کۆکائین پۆدرێکی سپی روونە، کە لەگەڵای داری کۆکا لە شاخەکانی ئەمریکای باشوور بە شێوەی سروشتی شین دەبێ بەرهەم دێ. دواتر لەگەڵ ئەسید هیدرۆگلۆریك تێکەڵ دەبێ و دەبێتە کۆکائین. کۆکائین لە بەفر دەچێ، هەڵیدەمژن یان تەزریقی دەکەن.

زیانەکانی کۆکائین هەروەك زیانەکانی هێرۆئین و مۆرفینە.

بەگشتیی دەکارکردنی مەوادی موخەدیر لە هەموو چەشنەکانی، شوێنی هاوبەشیان هەیە لە سەر لەش ساغی مرۆڤ وشوێن گەلێکی تر وەك هەست بە خۆشحاڵی، خەون و خەیاڵی شیرین، خەوالۆ بوون، کەم بوونەوەی دەرد و ژان، کەمبوونی مەیلی جنسی، زۆری هەیەجان و وزە، تەمبەڵ بوونی سیستمی کۆدەماری ناوەندی.

rojanashtab@yahoo.com.
* پسپۆری نەشتەرگەری گشتی

# شـــەوی گـــریانـــە زۆرەکـــە

## یان

## بەسەر بردنی شەوێك لەگەڵ ئەو گە نجانەی کە قەدەر سپاردوونیەتی بە تلیاك

دوای تکایەکی زۆر لە (سامی) برادەرم، کە شەوێك لە گەڵ خۆم ببات بۆ ئەوشوێنەی، کە بڕایار بوو لەگەڵ چەند برادەرێکی دیکەی خۆی دانیشن و بەیەکەوە ماددەی سڕکەر بکێشن، بە کۆمەڵێك مەرجەوە رازی بوو لەگەڵ خۆی بمبات.. مەرجەکانیشی ئەوە بوون، کە نابێت کامێرا و ریکۆردەر لەگەڵ خۆم ببەم، منیش بە هۆی تامەزرۆ بوونم بەو مەسەلەیە و بینینی چۆنیەتی کێشانی ئەو ماددەیە و دواجاریش بینینی کۆمەڵێك گەنج کە نەمدەزانی چی وای لێکردوون قەدەری خۆیان بەو ماددە بێهۆشکەرانە بسپێرن، بێ هیچ بیرکردنەوەیەك بە مەرجەکان رازی بووم.

(سامی) پاش چەند رۆژێك کاتی دانیشتنی دیاری کرد و شەوێك بە شوێنم داهات و لەگەڵ ئەودا هاتینە ماڵێك لە گەڕەکێکێی شاری سۆران، لەو ماڵە دوو کوڕە لاو بەناوەکانی (هەڤاڵ) و(رزگار)، چاوەڕێیان دەکردین، دیار بوو (سامی) پێی وتبوون کە میوانێکی بیانی لەگەڵ خۆی دەهێنێت، دوای دانیشتنێکی کەم، گەنجێکی دیکە بەناوی (مەهدی) هاتە ئەوێ. هەر لەگەڵ گەیشتنی (مەهدی) دەست کرا بە ئامادەکردنی، ئەو کەلوپەلانەی پێویستن بۆ کێشانی ماددەکە، بۆیە یەکسەر سۆپاکەی ناوەڕاستی ژوورەکەیان هێنایە نزیك خۆیان، ئینجا دوو تەلی زۆر باریکیان هێناو سەری دانەیەکیان خستە نێو ئاگرەکە، دواتر ماددەکە کە جۆری تلیاك بوو ورەنگی قاوەیی بوو، لە نێو سیمێکی پاکەتی جگەرە لولیاندابوو، تۆزێکیان لێ کردەوە و خستیانە سەر تەلەکە، کەمێك لە ئاگرەکەیان نزیك کردەوە، بەڵام نەیاندەهێشت بسووتێت، کە تەلەکەی ناو ئاگری سۆپاکە لە گەرمیدا سوور بووە، (مەهدی) وتی "ئامادە بن".. (رزگار) و (هەڤاڵ)یش،

کە تلیاکی بەسەرەوە نوسێنرابوو لە دەستێکی گرت و بە دەستەکەی دیکەشی تەلەکەی ناو ئاگری سۆپاکەی هێنایە دەرەوە و هێدی هێدی تەلە سوورکراوەکەی بە ماددەکەوە دەنا و ماددەکەش بەهۆی گەرمی تەلەکە دەسووتا، (هەڤاڵ) و(رزگار)یش سەرێکی قەڵەمەکانیان لەدەم



گرتبوو و سەرەکەی دیکەشیان نزیك ماددەکە کرد و بە هەناسەی درێژەوە کە (زیاتر لە هەڵکێشانی ئاهێکی قوڵ دەچوو). دووکەڵی سووتانی ماددەکەیان هەڵدەکێشا و نەیاندەهێشت تۆزقاڵێکیشی لێ بەفیڕۆ بچێت. ئەم کارەی ئەو چەند کوڕە لاوە بەردەوام بوو و بە نۆرە دووکەڵی سووتاوی تلیاکیان هەڵدەکێشا تاوای لێهات(بە قسەی خۆیان) جەویان وەرگرت. لەو کاتەدا بوو کە بیرم لەوە کردەووە کە دەبێ تامی ئەو دووکەڵە چیبێت کە ئەم گەنجە جوانانە بە تامەزرۆییەوە مژیان لێدەدا، لە ناکاو (سامی) برادەرم، منی داوەت کرد بۆ چەند مژێك و وتی" وەرە مەترسە بە یەك دوو مژ مودمین نابی" منیش بێ دڵیم نەکرد و قەڵەمەکەم لێ وەرگرت و (مەهدی)ش بۆی ئامادەکردم، کە مژی یەکەمم لێدا زۆر ئاسایی بوو، بەڵام کە کردمە مژی سێیەم و چوارم، هەستم بە قورساییەکی زۆر کرد لە ناو سەرم، بۆیە وازم هێنا. تا ئێرە کارەکان زۆر ئاسایی بەڕێوە چوون، بەڵام وردە وردە گۆڕانکاری بە سەر حاڵەتی ئەو گەنجانەوە دەهات و کەشی ژوورەکەی بە شێوەیەکی دیکە گۆڕی. گریانی (هەڤاڵ) هۆکاری سەرەکی ئەم گۆڕانە بوو، ئەو کوڕە لاوە کە تەمەنی خوار سی ساڵ بوو، دەستی بەگریان کرد و بە دەنگێکی تێکەڵ بە گریانەوە بە (رزگار)ی وت" (....)یان بە زۆری بە شوودا و لەم ماوەیە دەیگوازنەوە"، ئەو کوڕە لاوە وەك ئەوەی کە بورکانێکی لەناخدابێت دایە پرمەی گریان و دەیوت" ئاخر تاوانی من و ئەو کچە چی بوو، کە یەکتریمان خۆشدەویست، خۆ ئەگەر لە یەك عەشیرەتیش نین، موسڵمانین خۆ ئینسانین"، (رزگار)یش بۆ ئەوەی باری دەروونی (هەڤاڵ) ئاسایی بکاتەوە، سەری خستە نێو باوەشی، دڵنەوایی دایەوە،



قەڵەمەکانیان کە (بیك)ی ئێرانی بوو لە گیرفان هێنایە دەرەوە (دیاربوو کە زووتر بۆ ئەم مەبەستە ئامادەیان کردبوو) ونووکەکەیان لێ فڕێدا و چوونە نزیك (مەهدی)، کە لەلای سۆپاکە دانیشتبوو، ئەوکات (مەهدی) ئەو تەلەی

**شـــوبـــاتـــی**
2006

بەلام (رزگار)یش حالی لەو باشتر نەبوو.. پاش تۆزێك ئەویش فرمێسکی لەچاو هاتە خوار و، وتی"هەڤالْ گیان وسبە..حالی کەسمان لە ئەویتر باشتر نییە، هەریەك لە ئێمە بەدەست کۆمەڵێك کێشەوە گیرمان خواردوە و کەسیش خۆمان لیْ ناکاتە خاوەن، ئەوەتا باپیرانی من لە سەر شتێکی پووچ توشی کێشەی کۆمەلایەتی بوون، دەبیْ ئێستا من و لاوەکانی خانەوادەکەمان باجەکەی بدەینەوە، بەبیْ ئەوەی کە ئاگامان لەهیچ بووبێت". (سامی)ش کە خاوەن کۆمەڵێك موعاناتی خۆی بوو لە گۆشەیەکەوە دانیشتبوو و چاوەکانی سوور ببون و زوو زوو هەنسکی قوڕگی قوتدەدایەوە، لەولاتر (مەهدی) دەستێکی خستبووە ژێر چەناگەی و گریان بەرۆکی ئەویشی گرتبوو. (سامی) سەیرێکی منی کرد وتی" بنووسە... باش بنووسە.. ئەمە وەزعی ئێمەی لاوانە... منی گەنج لە جیاتی بیر لەخوێندن بکەمەوە، لە جیاتی لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت فێری زانیاریی بم، لە جیاتی بیر لەداهاتوو بکەمەوە، لێرە لە کونجی ژورێك و لە پشت چەندین دەرگاوە خۆمان حەشارداوە و ماددەی بێهۆشکەر دەکێشین.. دەزانی بۆ؟ (بیْ دەنگییەکی زۆر ژوورەکەی داگیر کرد) پاش تۆزێك خۆی وەلامی دایەوە وتی" لە بەر ئەوەی تەنیا دەزانن تاوانبارمان بکەن بەلام کەس لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاوانەکانمان ناپێچێتەوە، کەس بیر لەوە ناکاتەوە منیش دونیایەك حەز وئاواتم هەیە و ئەو زەمینەی کە ئیمڕۆ بە هۆی کۆمەڵێك کەسی نابەرپرسەوە هاتۆتە ئاراوە، رێگرە لە بەردەم هەموو جۆرە ویستێکماندا، ئەوانە دەیانەوێت ئێمە یاببینە پۆلیس یا ببینە پێشمەرگە و لە رەبایەکان ژیانمان بەسەر بەرین، ئێمەش دەڵێن نا.. نامانەوێت وەك ئەوەی ئێوە دەڵێن بژین، ئێمە دەمانەوێت وەك خۆمان بژین".. ئەو وتانەی (سامی) منیش گریاند و دڵنیاش بووم کە هەر کەسێك لەویْ بوایە و ئەو دیمەنەی بینیبا و گوێی لە قسەکانی (سامی) با، نەیدەتووانی خۆی راگرێت، ئەو دەم (من) بیرم لەوە کردەوە، کە ئاخۆ دەبیْ چەند گەنجی دیکەی وەك ئەو گەنجانە لە پشت دیوارەکان و دوور لە چاوی خەڵك و دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس ئەو جۆرە کۆبوونەوەیان رێکخستبێت و بەدیار سۆپایەك و دوکەڵێکەوە دەست بەگریان بکەن، ئەوەی بەلای منەوە سەیر بوو، تەمەنی ئەو لاوانە بوو کە هیچیان نەدەگەیشتە(30) سالْ.. ئەوان جگە لە (مەهدی)، لە ئێران ژیابوون.

پاش تۆزێك هێور بوونەوەی دۆخی ژوورەکە، لە (سامی)م پرسی ئەو ماددەیە لە کویْ دێنن وپارەکەی چەندە ؟ وتی" زیاتر ئەو قاچاغچیانەی کە شتومەك لە ئێران دەهێنن، لە نێو کورتانی ئەسپەکانیان دەیشارنەوە و لێرەش کۆمەڵە کەسێك هەن، کە بازرگانی بەو کارەوە دەکەن، یا دەینێرنە شارەکانی دیکە یا بە شێوەی خوردکردنەوە لە سۆران دابەشی دەکەن". سەبارەت بە نرخی ئەو ماددەیەش وتی" نرخی ئەو هێندەی، کە ئەم شەو کێشامان (50) هەزاردینارە، بەلام بەشی دوو جارمان دەکات"، (هەڤالْ)یش، کە تازە گریان بەرۆکی بەردابوو و هێشتا چاوەکانی سوور بوون، سەبارەت بە ترسناکی ئەم ماددەیە وتی" ئەم ماددەیە تا ئەو کاتەی مودمین نەبین مەترسی نییە، ئەگەر مانگی جارێك یا دووجار بکێشین مەترسی مودمینی نییە، بەلام ئەگەر رۆژانە بیکێشین ئەو کات مودمین دەبین، کە مودمینیش بووین ئیتر زۆر مەترسیدارە و دەبیْ بە هەرجۆرێك و بە هەر نرخێك بێت بە چنگی بهێنین و بیکێشین، ئینجا بەدەست خستنی ئەو ماددەیە بە هەر نرخ و مەرجێك بێت کەسی مودمین ئەنجامی دەدات". کاتژمێر لە (1)ی نیوە شەو نزیك بووەوە، ئەو گەنجانە هەریەکە لە سووچێکی ژوورەکە راکشان و خەویان لێکەوت تەنیا من نەبێت، بیر کردنەوە لە هۆکارەکان و رەهەندەکانی پشت ئەم کارەی ئەو گەنجە جوانانە نەیاندەهێشت خەو لە چاوم بکەوێت، بۆیە بە بیْ ئەوەی کەسیان هەست بکات، هەر ئەو شەوە ژوور و مالْ و گەرەکەکەم جێهێشت و بەرەو رواندز کەوتمە ریْ.



**پاش هێور بوونەوەی باری ژوورەکە لە (سامی)م پرسی، ئەو ماددەیە لە کویْ دێنن ..؟ وتی: زیاتر ئەو قاچاغچیانەی، کە شتومەك لە ئێران دەهێنن، لە نێو کورتانی ئەسپەکانیان دەیشارنەوە، لێرەش کۆمەڵە کەسێك هەن بازرگانی بەو کارەوە دەکەن ..**

**ئا/ ئیسماعیل ئیبراهیم**

# تویژی گەنج لە نێوان
## چەپاندن و خۆونکردندا



نوری بێخاڵی

**" دەبێ لەمە چاکتر بین، کە هەین"**
**کازانتزاکیس**



بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان، بازرگانیکردن بە مادده سڕکەر و هۆشبەرەکان لە ریزی گەندەڵی نێودەوڵەتی دادەندرێ، بۆ ئەمەش وەك هەر یاسا و رێککەوتن و پڕۆتۆکۆڵێکی مافەکانی مرۆڤ، ئەو ستاندارده نێونەتەوەییە دەوڵەت و سیستەمە سیاسییەکان دەخاتە بەردەم ئەرك و بەرپرسیارێتیەکی مرۆیی و ئەخلاقی، تا هەرچی لە توانایاندایە هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ رێگەگرتن لە بەرهەمهێنان و قەدەغەکردنی قاچاخچێتی و بازرگانیکردن بەم جۆره ماددانە، چونکە مەترسی تەشەنەکردنی ئەو دیاردەیە و زیاتربوونی رێژەی بەکاربەرانی، کۆمەڵگا بەرەو لەباریەك هەڵوەشانەوە و تێکچوونی شیرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لەبارچوونی بەها مرۆیی و مۆڕاڵییەکان دەبات، مەترسییەك کاریگەری و ترسناکیەکەی چەندجار بارتەقای هەڕەشەکانی تیرۆره، بەو پێیەی لەناو هەناوی کۆمەڵگا و توێژە کارا و هەستیارەکانی گەراکانی دەخات، کە رەنگدانەوەی نێگەتیفی درێژخایەنی دەبێت لەسەر ئاییندەی کۆمەڵ و بەهۆیەوە تاکە تووشبووەکان لە هەرچی بەها و بەرپرسیارێتیە دادەشۆرێ.

دیاره مەبەستم نییە لەم نووسینەدا بپەڕژێمە سەر چییەتی و چۆنییەتی و چەندێتی کاریگەری و وردەکارییەکانی ئەم ستاندارده نێودەوڵەتییە سەبارەت بە بەرهەمهێنان و بازرگانیکردن و بەکاربردنی مادده هۆشبەرکان، بەڵکو لەبەر رۆشنایی ئەو رێپۆرتاژەی هاوکارم "ئیسماعیل ئیبراهیم" لەم ژمارەی "کۆوار"دا لەمەڕ پرسی بەکارهێنانی مادده سڕکەر و بێهۆشکەرەکان ئامادەی کردووه، ئاماژه بەهەندێ دیوی شاراوە و رەهەندی ترسناکی تەشەنەکردنی دیاردەی بەکارهێنانی ئەو ماددانە بدەم لەناو کۆمەڵی کوردەواری و بەتایبەتی لەنێو توێژی گەنجان، کە بەداخەوه دوای راپەرین چ لەسەر ئاستی بازرگانی و قاچاخچێتی پێوەکردن، یان پەنابردنی لاوان لێرەو لەوێ دەیبیستین و دەیبینین، کە هۆکارگەلێکی زۆری لەپشتە، بەڵام بەڕای من بەر لە هەر شت و کەسێك ستراکتۆر و سیتەمی کۆمەڵایەتی خودی کۆمەڵگای کوردی لێی بەرپرسیاره.

وەك لە ناوەڕۆکی قسە و ئاخاوتنی ئەو گەنجانە دەردەکەوێ، کە بۆ هاوکارمان دواون و رەنگە ئەوانە نموونەی رێژەیەکی زیاتری لاوانمان بن لە شوێنی دیکەی کوردستان، هێندەی گرفت و ئارێشە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوه و فاکتەری دەرکەوتن و تەشەنەکردنی ئەو دیاردەیەن، هێندە رەنگدانەوەی فاکتەرەکانی تر هەستی پێناکرێ، بەڵام ئەمە هەرگیز حوکمدانێکی رەها نییە، چونکە گومان لەوەدانییە کە حەزی چڵێس و چاوچنۆکی و بەرژەوەندخوازی هەڵپەرستانەی بازرگان و قاچاخچییەکان و بێ هێزی و باوەڕبەخۆنەبونی لاوانمان و هاندانی تری دەرەوەی کۆمەڵگای کوردی (کە زێدەتر پەیوەستە بە کەتواری ئێران و کاردانەوەکانی بەسەر ئێره)، رۆڵی سەرەکی و گرنگییان هەیە بۆ زێدەتر زەمینەسازی و هاندانی فراوانبوونی ئەو دیاردەیە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیستەم و پەروەردەی کۆمەڵگا و ئاستی دواکەوتن و پێشڤەچوونی رۆڵێکی پڕ بەها دەگێڕن لە ئەگەری رێگرتن و تەشەنەکردنی دیاردەکە، بۆیە زێدەتر تیشك دەخەینە سەر کاریگەری نێگەتیفی ئەم ستراکتۆره نەخۆشە و لە دەرفەتێکی تردا ئەگەر بوار رەخسا قسە لەسەر دیوەکانی تری هەمووئەو هۆکارانە دەکەین کە هاندەری ئەم دیاردەیەن. چونکە دەتوانم بڵێم ئەم نووسینە خوێندنەوەی ئەو دیوی قسەکانی ئەو چەند گەنجەیە کە لە رێپۆرتاژەکەدا وەکو نموونە، یان وەك لە بواری لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیدا پێیان دەگوترێت (عینە) هێنراونەتەوه.

تۆ سەیرکە و بەوردی گوێ بۆ ئەو وەڵامە بریندارانەیان رادێره و بە ویژدان و زانستیانە بچۆره ناخی هەناسە سارد و پڕ حەسرەتەکانی پەشیمانی ئەم گەنجانە، کە گیرۆدەی ئەو نەخۆشی و پەتا ترسناکە بوونە، ئینجا تێدەگەی کە چ بێ ئاگاییەك هوشیاری کۆمەڵایەتیمانی کرمێ کردووه... ئەو کات دەزانی ستراکتۆری ژەنگگرتوو و سیستەمی پاتریارکی شاقوڵی و دۆگمای ئێمە، نەوەکانمان رووبەڕووی چ کارەساتێك دەکاتەوه... ئەو دەمە دەرك بەوە دەکەیت، کە پەروەردەی کۆمەڵایەتی نەخۆش و ئیفلیجی کۆمەڵگاکەمان چۆن و هەرچی بەهای مرۆیی و گیانی ئیراده و ئازادی و مرۆڤبوون هەیە لە ناخی تاکدا دەکوژێ و لە سای ئەو هەژموونە وێرانکار و بڕیاره کوێره شاقوڵییانەی خۆیدا بە چ شێوەیەك و لە دەرەوەی ویست و خواستی خۆیان، نەوەکانمان ناچار دەکات خۆیان رادەستی قەدەرێکی شووم بکەن.

راستە ئەو نموونانەی نێو ئەم رێپۆرتاژه و

زۆربەی زۆری ئەوانەیش کە دوور و نزیك.. لێرە و لەوێ و لە شار و شارۆچکە و کۆمەڵگاکانی کوردستان زانیارییان لەبارەیانەوە دەگاتە دەستمان، دەرهاویشتەی ژینگە و کەتوار و کلتوری کۆمەڵایەتی ئێرانن، کە ترسناکی ئەم سیتەمە لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە بواری سیاسی و چاکسازی و هەناردەی تیرۆر، چەندە مەترسی لەسەر ئاسایش و ئاشتی ناوچەکە و دونیا هەیە، هێندەیش زیاتر دیوی دزێو و ترسناکی لە بواری بەرهەمهێنان و بازرگانی پێوەکردن و



بەکاربردنی ماددە سڕکەر و هۆشبەرەکان هەیە، بەڵام بۆ دوای چەندین ساڵ گەڕانەوەی لاوانمان بۆ نیشتمان و ماڵئاواییکردن لەم ژینگە پیس و بۆگەنە، هێشتا رەنگدانەوە و کاردانەوەکانی لەسەریان دەمێننەوە؟؟!!

بە بۆچوونی من ئەوە لاساری گەنجەکانمان نییە، کە دواجار خۆیان لە سارایەکی وێران و دووڕیانێکی بێ پرد و بەردەباز دەبیننەوە... ئەوە سەرەڕۆیی ئەوان نییە، وادەکات لە هەناوی تاریکی و دوور لە چاوی ژیان خۆیان بخۆنەوە... ئەوە چەقاوەسویی لاوانمان نییە، ژیانیان لەبەرچاو رەش دەبێت و هەرچی تروسکایی هیوا و ئومێد و گەشبینییە لە خۆیان دەکوژن... ئەوە هەرزەیی ئەوان نییە، بەرچاویان لێڵ دەکات، تاکو تف لە بوون و بەها و چارەنووسی خۆیان بکەن!.

بە پێچەوانەوە، لە پشتی هەموو ئەمانە مێژوویەك لە خەساندن و چەپاندن، یادەوەرییەك لە بەکۆیلەکردن و لە ئیرادەخستن هەیە... سیستەمێك لە دەرەوەی بوون وئینسانی بوونی خودی ئەو کائینە بە نێچیرکراوانە خۆیان هەیە، کە لە رێگەی وەعز و تەلقینەکانی هەرچی خەونییان هەیە دەکوژێ، هەرچی پرسیار لەناخیاندا هەیە مردار دەکا، هەرچی خولیا و ئارەزوو لە خەیاڵیان هەیە مەحکوم دەکات بە سەربڕین، هەرچی چرۆی هیوا و ئومێد هەیە لە چاویاندا سیس دەکا و دەژاکێنێ... سیستەمێك دەیەوێ ئەو مرۆڤانە لە کاراکتەری کاراوە بیانکاتە بەرکار، لەبری پرسیار و گومان تۆوی شەرمنی و گوێڕایەڵیان تیادا بچێنێ... سیستەمێك مەبەستیەتی و ئەوپەڕی هەوڵ و میکانیزمەکانی دەخاتە گەڕ، تاکو ئەو کائینانە خۆیان نەبن و کت و مت سێبەر و کۆپی ئەوبن!

ئێمە تا ئەم چرکەساتەش خودی خۆمان نین، بەڵکو هەر لە رۆژی لە دایکبوونمانەوە، تاکو سەریش دەنێینە گۆڕ، سێبەری ئەو سیستەمە پەتریارکییە دۆگمایە بە دوامانەوەیە و تارماییەکانی ئەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیە نەخۆش و ئیفلجە لێمان نابێتەوە...

ئەوە خودی مرۆییانەی راستەقینەی (( رزگار و سامی و هەڤاڵ و کێ و کێ)) نییە، رەمەکییانە و بەبێ پاڵنەر ئارەزوو دەکات لەشەوە نوتەکەکاندا بێن بەشیشی تلیاکەوە بنێ.... ئەوە دیوی مرۆییانەی ناوەوەی ئەوان و هاوشێوەکانیان نییە، بۆ هەوای دڵ و هەوەس و سەرگەرم کردن، خۆی دەداتەوە دەست قەدەری بێهۆشی و بورانەوە و ئیدمان، بەڵکو ئەوە دەرهاویشتە و بەرهەمی ئەوسیستەمە گەندەڵ و مەرگ دۆستەیە، کەوا دەکات هیچ کاممان خۆمان نەبین..

"رزگار" چی بکات، کە قەدەر کردیە کوڕی ئەو گەدا و ئەندامی ئەو عەشیرەتەی، کە خواپێداوی باوکی مەعشوقەکەی و عەشیرەتەکەی چارەیانیان ناوێت؟!

" سامی" چی بڵێ، کە لە منداڵدانی دایکی بووە، باوانی ئەو لەگەڵ باوانی ئەویتردا، لەسەر بستێك تخوب و موعجیزەی ناموس! دەستیان نایە خوێنی یەکتر و ئەو ئەمڕۆ دەبێ باجی ((پیاوەتی!)) ئەوان بدات؟!

" هەڤاڵ" پەنا بۆ کێ و کوێ بەرێ، کە هێشتا کۆرپەبووە، خەونی چۆلەکەیی ئازادی شۆڕش باوکی راپێچی بەرەی ((مقاوەمەت!)) دەکات و گوللەیەك لە سەنگەردا گیانی سڕکرد و لاشەکەی گورگان خواردووبوو و کۆشێك بێ سەرپەرشتی کردە دەستمایەی ئەو، ئێستاش باوکەکانی شۆڕش گوێی یادەورییان کەڕ و چاوی هاوسەنگەرییان کوێر، بیر و خەیاڵیان بەلای ئەو و هەزارانی وەك ئەودا ناچێت؟!

دیارە لەتەك ئەمەشدا پێویست دەکات پرسیار لە خودی ئەو گەنجانەش بکەین، ئایا هەڵاتن و خۆدزینەوە لە گرفتەکان چارەسەرە؟ ئایا تاکوێ راست و دروستە ژیانمان تژی بکەین لە رەشبینی و بێ هیوایی؟ ئاخۆ خود ئیرادەیی و هێزێك نییە لە ناخیانەوە پاڵنەریان بێت، تاکو تەمی نائومێدی سەر روخسار و بیر و خەیاڵیان راماڵن؟ بەراست پەنابردن بۆ خۆسڕکردن و بێهۆشکردن چارەی خەمەکانیان دەکات؟ هاوکات هەق وایە بەناو دامەزراوە کۆمەڵایەتی و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دەزگا بەرپرسەکانی حکومەت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پرسیاری خەمساردی و دەستەپاچەیی لە خۆیان بکەن، بەرامبەر ئەو دیاردە و پەتایەی کۆمەڵگاکەمان بەرەو داڕمان دەبات... ئەرێ تۆ بڵێی کۆی ئەو تۆڕە دامەزراوە و دەزگا و رێکخراوەییانەی ئێمە، کەی بێت لە بەرامبەر حیکمەتی (( بۆ ئەوە هەین، تا جوانتر و باشتر بژین)) هەست بە ئەرك و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و مۆڕاڵی و مرۆییانەی خۆیان بکەن؟!

# پشووی کۆوار

پشووی کۆوار



له مینستۆتای ئەمریکاوه بۆ سۆران



_ ماڵێك بۆ چرۆکردنی هەناسەی گەنجان

## _ هونەرمەند و نووسەران لەنێوان دوێنێ و ئێستێ و سبەینێ



# لە مینستۆتای ئەمریکاوە بۆ سۆران

## چیرۆکی ئەو کچە ئەمریکییەی، کە لە رێی ئینتەرنێتەوە شوو بە کورە کوردێك دەکات



20 هۆشمەند و جەوان لە سۆران

خۆشەویستی هەستێکی پیرۆز و خۆنەویستە، هەرکات لە دڵی مرۆڤدا پەیدابێت، کەس ناتوانێت رێگەی لێبگرێت، چونکە خۆشەویستی تەنیا رێگایەکی نییە، مرۆڤ هەیە تەنیا لە رێگەی یەك نیگاوە تووشی خۆشەویستی دەبێ، هەیە تەنیا لە رێگەی دەنگەوە، ئەمرۆش ئینتەرنێت یەکێکە لە هۆکارە گونجاوەکانی دروست بوونی پەیوەندی، هەندێك جار کەسانێك لە رێگەی ئەم تەکنەلۆژیایەوە یەکتری دەناسن و پاشان خۆشەویستی لەنێوانیان دروست دەبێت، هەرچەند راستیەکان زۆر کەمن، بەلاّم کەسی راستگۆ لە بەردەم ئینتەرنێتیش بێ سەرکەوتوودەبێ، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کچێکی بەرەگەز بەریتانی لە ئەمریکاوە بێتە کوردستان و لە سۆران نیشتەجێ بێ و شوو بە کورە گەنجێکی دەڤەری سۆران بکات:

**ئا/ هەژار عەلی**

### هۆشمەند کێ یە؟

هۆشمەند سالّح محەمەد لە دایکبووی سالّی (1982)ە، خەڵکی شارەدێی گەلاّڵەی سەربە قەزای چۆمانە و دانیشتووی شاری سۆرانە. دەرچووی بەشی ئینگلیزی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانە و ئێستا کاری وەرگێڕی زمانی ئینگلیزی دەکات.

سالّی 2001 کە قوتابی پەیمانگا بووە، بۆ یەکەم جار ئاشنایەتی لەگەڵ ئینتەرنێت پەیداکردوە و ئیمێلی خۆی کردۆتەوە.

### جەوان کێیە؟

جەوان ئایلین شاکل فۆرد، خەڵکی شاری (سینت لویس پارك)ی ویلایەتی مینستۆتای ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە و بەڕەگەز بەریتانیە، خانەوادەکەی لە دایك و باوك و دووبرا و خوشکێك پێك هاتوون، کە بە ئایین مەسیحی و ئیسلامن و بیروڕای جیاواز لە نێویاندا هەیە. (جەوان) ئافرەتێکی موسڵمانی ئەمریکییە، دەرچووی بەشەکانی (مامانی، فریاکەوتن،کارگێری، ژمێریاری، کۆمپیوتەر)ە لە پەیمانگای تەکنیکی پزیشکی، لە شیعر و مۆسیقاشدا شارەزایی هەیە، شیعرەکانی بەزمانی ئینگلیزی بلاّوکردونەتەوە، ئامێری فلوت و پیانۆ دەژەنێت و میوزیك ژەنێکی بە توانایە، جگە لە زمانی ئینگلیزی، زمانی ئیسپانی و زمانی سان لانگویج، واتە زمانی هێما دەزانێ.

### سەرەتای پەیوەندی

سەرەتای پەیوەندی خۆشەویستی (هۆشمەند و جەوان) لە رێگەی ئینتەرنێت وبەهۆی (چات) و نامەگۆڕینەوە دروست دەبێت، وەك لە قسەکانی (هۆشمەند) دەردەکەوت، کە بۆی گێڕاینەوە و وتی " لەسالّی 2001 ەوە، لەو رێگەیەوە توانیم شارەزایی، لە مەڕ مێژوو و کولتوری ئەمریکا پەیدابکەم و پەیوەندی لەگەڵ چەندین هاوڕێ لە ولاّتانی دەرەوە ببەستم.

بەلاّم لەگەڵ (جەوان) تەنها لە ماوەی شەش مانگ یەکترناسین، بڕیارماندا ژیانی هاوسەری دروست بکەین.



جەوان لە کاتی دەرچوونی لە پەیمانگە

پەیوەندییەکەمان سەرەتا لە ڕێگای نووسین بوو، دواتر بە مایك قسەمان کرد و ئینجا لە ڕێگەی دەنگ و ڕەنگەوە بە یەکتر ئاشنابووین.

**گفتوگۆکان درێژەیان دەبێ!!!**

دوای ئەوەی لەماوەی ئەو 6 مانگەدا سەدان پرسیار و وەڵام ئاڵوگۆڕکران، بڕواو متمانە بەیەکتری کردن لە نێوانیان دروست دەبێت و دڵیان زیاتر لەیەکتری نزیك دەبێتەوە، سەرەتا جەوان هیچ شارەزاییەکی لەمەڕ کوردستان نەبووە، بەڵام هۆشمەند بەهەندێ زانیاری ئاشنا کردبوو لە ڕێگەی (ئێکس پیدیا) لە ئینتەرنێت، سێرچی وشەی (کورد)ی بۆ کردبوو، کە باس لە نەتەوەی کورد دەکات، هۆشمەند هەمیشە بە کوردستانی خۆی دەناساند، بۆیە زیاتر پرسیاریان لەسەر کوردستان دەکرد، کە زانیان کوردستان بە عێراقەوە لکێنراوە، ئیتر ترسێك بۆ ماڵی باوکی (جەوان) دروست ببوو، چونکە (جەوان) زوو ماڵی باوکی لەو پەیوەندییە خۆشەویستییە ئاگادار کردبوونەوە، ئەوانیش عێراقیان بە وڵاتێکی پڕ لەشەڕ و ئاشووب و بە گۆڕەپانی تیرۆریستانیان دادەنا. وەك هۆشمەند باسی کرد زۆرترین کاتی بۆ ئەوە تەرخان کردووە، تاکو بتوانێت بۆ جەوان کوردستان لە عێراق جیابکاتەوە و بۆیان بسەلمێنێت، کوردستان هەرێمێکی سەربەخۆیە، خەڵکەکەی بە ئاسودەیی دەژین و دوورن لە شەڕ و تیرۆر، ئینجا خانەوادەکەیان ڕازی بوون بەوەی شووم پێبکات، لەبەر ئەوەش (جەوان) بڕیاری دا بێتە کوردستان و لێرە مارەبڕی بکەین.



جەوان لەگەڵ دایکیدا

**یەکتربینین و جیاوازییەکان**

هۆشمەند کە جەوانی بینی سەرەڕای جیاوازییەکان لە کێش و بەژن و باڵا، سەرنجی ڕاکێشابوو زۆریش بەلایەوە شیرین بووە، (جەوان) وتی "هۆشمەند بەلامەوە زۆر قشت بوو".



مستەر ئایلین شاکل فۆرد، باوکی جەوان

پیاوێکی ساکار.. چێشت لێنەرێکی خاکی ( کۆوار)

جەوان ئەگەرچی کێشی زۆربوو، بەڵام خۆی حەزی نەئەکرد پرسیاری ئەوەی لێبکەین بزانین کێشی چەندە؟ بە پێچەوانەی هۆشمەند کە لاوازە و باڵای 185سم، لەکاتێکدا باڵای جەوان (160سم)ە، کە ئەمەش بۆخۆی جیاوازییە.

**هاوسەریەتی لە ئەمریکا و کوردستان**

جەوان باسی لە خێزانی کورد دەکردوو دەی وت:"ژن و مێردی کورد تا زیاتر لەگەڵ یەکتری بمێننەوە زیاتر خۆشەویست دەبن، بە پێچەوانەی ئەمریکا ژن و مێردایەتی هێندە درێژخایەن نییە، لێرە پەیوەندی خێزانی زۆر پتەوە، لە ئەمریکا ڕێژەی جیابوونەوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە کوردستان زیاترە.

هەمووئەمانەش جێگای سەرسوڕمانن"، (جەوان) ڕەخنەشی لەوە گرت کە لێرە کچان ئازادنین بۆ هاوسەرگیری سەفەری دەرەوە بکەن و خێزان پێکەوە بنێن، بەڵام زۆر سەرسام بوو بەو میوان و میوانداری و تەبایی و پێکەوە ژیانە و ئەو ئاستە کۆمەڵایەتییە بەرزە، ئەوەی لەوەش بەلایەوە سەیرتر بوو زۆری پرسیار کردنە، کە خەڵکی پرسیاری زۆر و زۆر تایبەت دەکەن.

هەروەك وتی ڕێوڕەسمی بەیەکگەیشتنی کچ و کوڕ لە ئەمریکا زیاتر هاوڕێیەتییە، لە 18 ساڵی ئیتر کوڕ و کچ ئازاد دەبن هەرچی بیانەوێ و ئارەزووی بکەن و حەزی لێبکەن دەیکەن، گرنگی نادەنە ئەوە چ کەسێکە و لەچ بنەماڵەیەکە، گرنگ ڕەزامەندی هەردوو لایە، کەواتە ناکەونە ژێر کاریگەری خێزان یان کۆمەڵگە، لە ئەمریکاش وەك کوردستان زاراوەی قەیرەکچی و بێوەژنی هەیە. بەڵام کەمتر قسەی لەسەر دەکرێ، من زیاتر لایەنەکانی ژیانی ئێرە پەسند دەکەم و قبوڵیشمە.

**لە ئەمریکاوە بۆ کوردستان**

بەمەبەستی گەیشتن بە خۆشەویستەکەی (جەوان) بڕیاری دا لە 2005/12/31 ڕێگەی کوردستان بگرێتە بەر، بەڵام خانەوادەکەیان هێشتا دوو دڵ بوون لەبەر باری ئەمن و ئاسایش و تیرۆر لە عێراقدا، هۆشمەند ئەم مەسەلەیەی زیاتر بۆ (جەوان) ڕوون کردبووەوە و بڕیاری (جەوان) خۆیشی بوو، کە بێتە کوردستان. لەبەر ئەوە ڕەزامەندی نیشاندابوو، ئەو ڕێگە سەخت و دوور و درێژە بڕێ و شاری ساکامێنتۆی کالیفۆرنیا بەرەو ئەتلەنتا لە ویلایەتی جۆرجیا و ئینجا بە فڕۆکە بۆ شاری نیویۆرك و لەوێشەوە بە فڕۆکەیەکی تر، بۆ ئەستەمبوڵ و لەوێشەوە بۆ دیاربەکر.. لەمیانی پرسیارێکدا ئایا هیچ دوو دڵی و ڕارای لەو سەفەرەدا ڕووبەڕوو بۆتەوە یاخود



جەوان و هاوسەر و خەزورەکەی

رونتر بڵێین: ئایندەی خۆت چۆن دەبینی؟ (جەوان) وتی: "هیچ دوو دڵی و ڕاڕایم پێوە دیارنەبوو، ئایندەیەکی روونم بەدی دەکرد، چونکە هەستم بەو خۆشەویستیە پاکەی هۆشمەند کردبوو، دڵنیاش بووم لەوەی خێزانێکی بەختەوەر چاوەڕێم دەکات".

## پێشوازی

لەخاڵی سنوری برایم خەلیل، هۆشمەند لەگەڵ باوک و خانەوادەکەی لە پێشوازی خۆشەویستەکەی دابوو، هەر کە (جەوان ) گەیشتە خاکی کوردستان چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بە باوەشێك سۆز و خۆشەویستییەوە، لەگەڵ هۆشمەند ئاوێزانی عیشق و ئەڤینی هەتا هەتایی بوون و بە جیهانیان وت خۆشەویستی هیچ سنورێکی بۆ نییە و سنووریش ناناسێ.

باوکی هۆشمەند، وەك باسی کرد زۆر بە ژنهێنانی کورەکەی خۆشحاڵە و زیاتریش خۆشحاڵیەکەی لەوەیە، کە کورەکەی یەکەم گەنجی کوردستانە ئەو کۆت و پێوەندەی شکاندووە و لە رێگەی ئینتەرنێتەوە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، بوکەکەیشی زۆر خۆش دەوێ و دەڵێ "ئێستا خۆی فێری کوردی دەکات و ئێمەش فێری ئینگلیزی دەبین".

## مارەبڕین و دوو مەرج

مارەبڕینەکەی (جەوان) و (هۆشمەند) لە سۆران ، لە سەر دەستی مامۆستایەکی ئایینی دەڤەرەکە و شێوە یاساییەکەشی لە دادگای بەرایی سۆران بەڕێوەچوو. بەم کارە خانەوادەکەی (جەوان) تەنها دوو مەرجیان هەبوو:

یەکەمینیان: وەك ئەمانەت (جەوان)ی لەلابێ و وەك ئافرەتێکی کورد سەیری بکات و بە شێوە نەریتی کوردانە هاوسەریەتیان بەردەوام بێت.

دووەمیان: هەر کاتێك (جەوان) ویستی بۆ سەردان یاخود لە کاتی هەر رووداو و کارەساتێکی کۆچبار بوون بگەڕێتەوە ئەمریکا، رێگای لێنەگیرێ و هۆشمەندیش لەگەڵدا بەشداربێت لەو سەردانانەدا، ئیتر ئەوان بوون بە ژن و مێردێکی بەختەوەر و لە سۆران دا ژیان بەسەردەبەن، رەوشی سۆرانی زۆر پێخۆشە و سەرسامە بە دیمەنە دڵڕفێنەکانی و شاخ و کێوەکانی ئەم دەڤەرە، بەڵام سەرەتا زۆر نیگەران بوو بە کوژانەوەی کارەبا، ئەو زۆر حەز لە دۆڵمە دەکات و ئێستا ئارەزوو دەکات فێری دۆڵمە دروستکردن بێت.



تەکنەلۆژیا جەوانی گواستەوە بۆ شارێکی بێ نەوت و کارەبا (کۆوار)

## دوا وێستگە

هۆشمەند و جەوان وەك دوو خۆشەویست و هاوسەری یەکتر درێژە بە ژیانی خێزانداری دەدەن و (جەوان) هیوای ئەوە دەخوازێت، لێرە لە سۆران وەك کارمەندێکی حکومی دابمەزرێ چ لە بواری پەروەردەیی یا لە بواری پزیشکی خزمەت بکات. بەڵێنیشی داوە لێرە بمێنێتەوە. ئەو بەیەك گەیشتنە لە رێگەی ئینتەرنێت ئەوەمان پێدەڵێت ئەو تەکنەلۆژیایە جێ ژوانێکی خنجیلانەی ئەڤیندارانەیە و بەبێ دەنگی و پەنهانی، گەنجان رازەکانی خۆیان بۆ یەکتری دەدرکێنن و هەر ئەمەش دەبێتە هۆکاری بەیەك گەیاندنی دڵە عاشق بەیەکەکان. ئەم هاوسەرگیریەی (هۆشمەند و جەوان) یەکەم هاوسەرگیرییە لە کوردستان، کە بە رێگەی ئینتەرنێتەوە کچێکی ئەمریکی بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی بێتە کوردستان و لە سۆران نیشتەجێبێت و خێزان پێکەوەبنێ، کەوابوو راستگۆیی لە پەیوەندی خۆشەویستی، تەنانەت لە ئینتەرنێتیشدا ئومێدی بەیەك گەیشتن و سەرکەوتنی ژیانی خێزانی تێدا زۆرترە.

# سەنتەری لاوانی میدیا

## ماڵێك بۆ چرۆكردنی هەناسەی گەنجان

لـــە سوچـی کـۆڵانی گـەڕەکێکی میللـی و هەژارنـشین، کۆمـەڵی گـەنجی کـوڕ و کـچ وەك شانەی هەنگ لەکار ناکەون و شەکەتی زەفەریان پێنابات.. بەسادەیی و خاکەرایی لەتەك بێنازی گەڕەکەکە و کائینەکانی رەفتار ئەکەن، ئەگەرچی کچێك شاهەنگی شانەکەیە، بەڵام عیشقی ئیش و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی هـەر زوو لـەوە حاڵیت ئەکەن، کە هـەموویان شاهەنگن و خـەمی بەرهەمی جوانییان هەیە.. ئەو ماڵەش" سەنتەری لاوانی میدیا"یە.

سـەنتەری لاوانـی میـدیا لـە 2005/10/1 ، لـە هەولێر دامەزراوە و لە پێنج بەش پێکهاتووە، کە بریتین لە (شێوەکاری، کۆمپیوتەر و ئینتـەرنێت، رۆشنبیریی، مۆسیقا و پەرتوکخانـە".. تـەواوی بەشەکان سەرجەمی کەلوپەل و کەرەستەکانی بۆ دابینکراوە و یەکەمین سـەنتەرە، کە بە فـەرمانی فـەرمی پـەروەردەی ناوەنـد، رێگـەی پێـدراوە سەردانی قوتابخانەکان بکات و راستەوخۆ لەگەڵ مامۆســتاو قوتابیــەکان تەماســی هــەبێت.. لەسەردانێکی گۆڤاری "کۆوار" بۆ سەنتەرەکە، ئەو وتووێژە بەرهەمهات:

دەسـپێك خـاتوو "لەنجـە عەبـدوڵڵا" بەرپرسـی سـەنتەری میـدیا سـەبارەت بـە شـوناس و کـار و چـالاکی سـەنتەرەکە، وتـی: " سـەنتەری میـدیا، سەنتەرێکی رۆشنبیریی و هونەری و راگەیاندنە، لە جۆرەهـا بـواری چـالاکی رۆشـنبیریی و هونـەریی کاردەکـا و بلۆکێکـە لـە شـورەی ئـەو بزووتنـەوە رۆشـنبیریی و هونەرییـەی، کـە دەزگـای ئـاراس ماوەیەکـە خـەریکی بونیادنانیـەتی و ئـەمڕۆ توانیوویەتی بیهێنێتە سەر زەمینەی واقیع.. ئامانج لە کردنەوەی ئەم سەنتەرە لەو گەڕەکە میللیەدا، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیە، کە تا ئێستا دەسـەڵاتی کـوردی و دامـەزراوە حکومییـەکان نەیانتوانیووە وەك پێویست پڕی بکەنەوە، سنوری کارکردنیشمان ئەو گەڕەکەیە و ڕەنگە لە ئاییندەدا کار بۆ گەڕەکەکانی تریش بکەین.

دەربارەی ئەو گرفت و ئاستەنگە کۆمەڵایەتیانەش کە لەسـەرەتای کارکردنیـان هاتوونەتـە بەردەمیان گووتی " سەرەتا کە هاتینە ئێرە هەندێ کێشەمان بۆ دروستبوون، بە تایبەت لای دراوسێکانمان کە بەهاتنمان دڵگران بوون، بەڵام ئێمە بە شێوەیەکی هێمنانـە توانیمـان چارەسـەریان بکـەین و پەیوەنـدیمان لەگەڵـدا پتـەوکردن و چـیەتی و چۆنیەتی کارکردنمان بۆ روونکردنەوە، بەڵام رەنگە ئێستاش ئـەو وردە گرفتانـەمان لەگەڵـدا هـەبن، هەرچـەند زۆر گـوێی پێنـادەین، چـونکە ئێمـە راسـتەوخۆ سـەردانی قوتابخانـەکانی سـنوری کارکردنمـان ئەکـەین، کـە "18" قوتابخانـەن و



"لەنجە عەبدوڵڵا "بەرپرسی سەنتەری میدیا

هاموشـۆی زۆر لـە خێزانـەکانیش ئەکـەین، بـەڵام هەندێك لە خێزانەکان بە هەر هۆیەك بێت گومانیان هەیـە لـە ناردنی کـوڕ و کـچەکانیان، بـە تایبـەت کـچەکانیان کـە بـەڕای مـن پەیوەنـدی بـە ئاسـتی هۆشـیاری و سیـستەمی کۆمەڵایـەتی و شـوێنپێی عەقڵیەتی کۆن و داخراوی خەڵکەکە هەیـە، لەگـەڵ کاریگـەری حزبـی ئیـسلامی.. جگـە لەمـەش ئێمـە تەنها لە دەرەنجامی هەستکردنمان بە بوونی ئەو بۆشاییەی، کە پەیوەندی بە گەشەپێدانی توانای گەنجەکانەوە هەیە، ئەو سەنتەرەمان دامەزراندووە ، ئەمـەش یەکـەمین و دواهـەمین ئامـانجی ئێمەیـە،




بۆیـەش ئـەو ئامانجـە وایکـردووە، کـە لـەو مـاوە کورتەدا زۆرترین گەنج لە ئێمـە کۆببنـەوە و ئێمـەش لەو کارە بەردەوام دەبین، بە تایبـەت بایـەخ دەدەین بە بەهرەی گەنجانی گەڕەکەکە، ئەوەی کە دێتـە ئەو سـەنتەرە بـە مـاڵی خـۆی دەزانـێ.. رەنگـە زۆر جار گوێمان لەوە بووبێت، کە ئەو سەنتەرە لەبـەر ئـەوەی دەزگـای ئـاراس پاڵپـشتی دەکـات، سـەنتەرێکی حزبیە، بەڵام ئێمە لە کارکردن تـەواو سـەربەخۆین و سـەنتەری میـدیا مـاڵی هـەموو گەنجێکـە و سـەکۆی هـەموو دەنـگ و رەنگێکـە. ئێمـە بـە پێـی پـڕۆژە و بـــەهرەی گـــەنجان کاردەکـــەین و لـــە رووی ئیمکانیاتـەوە تـەواوی پێداویستیەکانیان بۆ دابین ئەکـــەین و هەوڵـــدەدەین لـــە رێگـــەی وەزارەت و دامودەزگاکان ئەو شتانە دابین بکـەین، کە خزمـەت بە پرۆژەی گەنجان ئەکەن".

"هێمن حەمید" کە دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانـە و سەرپەرشـتیاری بەشـی شـێوەکاری سـەنتەرەکەیە، لەمـەڕ بەرنامـەی بەشـەکەیان وتـی: "لــەو بەشــە زێــتر بایــەخ بــە کردنــەوەی خــولی شــێوەکاری دەدەیــن ، گــەنجی خوێنــدەوار و نەخوێنــدەوار و هــەتا کاسـبیش مـافی بەشـداری کردنـی هەیـە، بۆیـەش ئەوانـەی کـە بەهرەمەنـدن و شـتێك لـەو بـارە دەزانـن پـتر رێگامـان بـۆ ئاسـان دەکـەن، بۆ ئەوانـەش کـە لـە خـاڵی سفرەوە دەست پێدەکـەن کارەکــە قورســە، هەرچــەندە ئێمــە بــە شــێوەیەکی پراکتیکــی و تیــوری ئــەو وانانــە دەڵێینەوە، کە پەیوەندی بە شێوەکاری هەیە.

ئێمە لەو خولانەدا رەچاوی زۆر شت ئەکەین، لەوانە تەمـەنی بەشـداربووان و ئەوانـەی کـە قوتـابین و بەشــێکی زۆری کاتیــان دەدەن بــە خوێنــدن.. بەهەرحاڵ ئێمە سەردانی زۆربەی قوتابخانـەکانمان کــردووە و لــەوێ ناونووســمان کــردوون و هەوڵیـشمانداوە لەگـەڵ بەڕێوەبـەری قوتابخانـەکان رێککەوین و سوود لەوانەی وێنەکێشان وەربگرین، تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە کوڕ و کچی قوتابی و نا قوتابی خۆیان ناونووسکردووە، بەم زووانەش دەست دەکەین بە مەشقکردن."

"خـاتوو میـدیا ئیـبراهیم" کـە دەرچـووی بەشـی کۆمەڵناسـی و بەرپرسـی رۆشـنبیریە لـە سـەنتەری



میدیا، دەربارەی چالاکیەکانی گووتی: "ئێمە لێرە مامەڵە لەگەڵ گەنج دەکەین، زێتریش سەروکارمان لەگەڵ ئەوانەیە، کە تەمەنیان لە نێوان 13تا20 ساڵانە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەنتەرێکی وەك ئێمە و تایبەت بە گەنج لێرە نییە، ئێمە ئەرکی منداڵانیشمان گرتۆتە ئەستۆ و گەنجانی سەروو تەمەن 20ساڵانیش دێنە لامان، ئەوەش وەك جیاوازی تەمەن کارەکانمان قورستر دەکەن. بەگشتی چالاکیەکانی ئێمە هەمە جۆرن، لەوانە بەستنی کۆڕ و سمینار و دابەشکردنی گۆڤار و رۆژنامە بەسەریان و نمایشکردنی فیلمی سینەمایی، بەگوێرەی تەمەنە جیاوازەکان و کارکردن لەسەر شارەزابوون لە بۆنە نیشتیمانیەکان و ئاگاداربوون لە کولتور و بواری رۆشنبیریی. هەروەها پەیوەندیمان لەگەڵ وەزارەتەکان بەستووە و هاوکاری و هەماهەنگیمان لە کارو چالاکیەکاندا هەیە، بەتایبەت لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە. ئەمەوێت ئەوەش بە راشکاوی بڵێم ئێمە دوور و نزیك لە سازدانی ئەو چالاکیانە پەیوەندیمان بە ئایدیۆلۆژیای هیچ حزبێکەوە نییە و تەواو سەربەخۆین، ئەوانەش کە کۆڕ دەگێرن، ئەگەر خۆیان داوا بکەن یان ئێمە بانگهێشتیان بکەین، بە گوێرەی تواناکانیانەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، نەك لەسەر بنەمای حزبایەتی، ئەمە بۆ بۆنە نیشتیمانیەکانیش زۆر راستە. شتێکی تریش کە زۆر گرنگە، ئەویش شوێنی جوگرافی کارکردنمانە، بۆیەش تا دوا ئەندازە رەچاوی ئەوە ئەکەین کەس بریندار نەکەین.. جگە لەمەش کافتریایەکمان داناوە گەنجان بۆ راگۆڕینەوە سوودی لێوەردەگرن و لەکاتی کۆڕ و سمینارەکان گفتوگۆی تێدا دەکەن، نەك بۆ کات کوشتن".

"هەوراز جەلال" سەرپەرشتیار و بەرپرسی بەشی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت سەبارەت بە کارەکانی وتی: " ئێمە لێرە کارەکانمان بۆ دە بەش دابەش دەبن، یەکەمیان بەکار هێنانی ئینتەرنێتە بە نرخێکی رەمزی و بە "750"دینار و سوود وەرگرتنی گەنج و قوتابیان لە زانیاریەکان، بەشی کاتی جیاواز دابەش کردووە، ئەوانەی قوتابین سود لە پشوو وەردەگرن، هەر خولێکیش 10 کەس بەشداری دەکات بۆ ئەوەی زۆرتر سوود لە کۆمپیوتەر و مامۆستا وەربگرن. دوای تەواوبوونی ئەو خولانەش ئێمە تاقیکردنەوەیان پێدەکەین و هەرکەسێك دەرنەچێت بڕوانامەی پێنابەخشرێت."

دواتر و لە دوایین وێستگەی دووەمیش کردنەوەی خولی راهێنان و فێربوونی بەرنامەی ویندۆز و وۆردە بۆ ئەوانەی ئارەزووی فێر بوون ئەکەن، تەنانەت ئەلفوبێی کۆمپیوتەریش نازانن، دیسان ئەمەش بە نرخێکی رەمزییە و بۆ "15" رۆژ "10"هەزار دینارە.. ئەوەش لەگەڵ بازاڕ جیاوازیمان لەنێوان دەکات، ئەوەیە کە ئەوانەی لەو خولە دەردەچن بڕوانامەی سەنتەرەکەمانیان بە قبولکردنی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە پێدەدرێ.

ئەوەی جێگای دڵخۆشیە ژمارەیەکی زۆری کچ و کوڕان روویان تێکردووین و خولەکانمان بۆ چەند

بەسەرکردنەوەکەماندا "نیاز ئیبراهیم زەنگەنە" قوتابی بەشی مۆسیقای کۆلیژی هونەرە جوانەکان و بەرپرسی بەشی مۆسیقای سەنتەر گوتی: " پڕۆژە و بەرنامەکانی ئێمە بۆ سوود وەرگرتن لە مۆسیقا، لە هەشت بەش پێکدێن، کە بریتین لە (فێرکردنی تیۆرەکانی مۆسیقا..سۆلفێج بە دەنگ.. فێرکردنی ژەنینی مۆسیقا..راهێنان لەسەر چۆنیەتی گوێگرتنی مۆسیقا.. نمایشکردنی فیلمی دیکۆمێنتاری لە بارەی شاکارەکانی دونیا.. فێرکردنی نووسینی نۆتەی مۆسیقا لەسەر کۆمپیوتەر.. راهێنان و فێرکردنی پراکتیکی.. بۆ پێکهێنانی گروپێکی پڕۆفیشینال). سەبارەت بە وەرگرتنی ئەوانەش کە دەیانەوێ بەشداری بکەن، ئێمە تەنها ئەوانە ناونووس ئەکەین، کە لەقۆناغی دواناوەندین، تا ئێستاش نزیکەی 40 کەس ناوی خۆی نوسیووە کە 10یان کچن.

ئەوەش کە جێگای جیاوازیمانە لەگەڵ گروپەکانی تر، پێکهێنانی گروپێکی 8کەسیە کە پێی دەگوترێ (پۆپ ئارت) و ئامێرەکانی (جاز و گیتار و باسگیتار و ئۆرگ و سەکسیفۆن و کۆنگاو فلوت) دەگرێتە خۆ. ئێستاش خۆمان بۆ فیستیڤاڵێکی گەورەی مۆسیقا و گۆرانی ئامادەکردووە، کە گروپی مۆسیقای دەزگای زاری کرمانجی و شەفەق و چەندین گروپی تری گرتۆتە خۆ لەسەر ئاستی کوردستان و ئێمەش لەو فیستیڤاڵەدا، لەگەڵ هونەرمەند (ئاراس فاتیح رەسوڵ) بەشدار دەبین.".

دەمێنێتەوە ئاماژە بە کتێبخانەی سەنتەر بدەین، کە چەندان ماددەی جیاوازی کتێبی تێدایە و گەنجان لە رێگەی خواستن سوودی لێوەردەگرن و رۆژانە رۆژنامە و گۆڤاری جیاوازیان بەسەردا دابەش دەکرێ.

بەرپرسی سەنتەری میدیا ئاماژەی بەوەدا کە بڕیارە بە پێشنیار و دەسپێشخەری (بەدران ئەحمەد حەبیب) بەرپرسی دەزگای ئاراس، کتێبخانەکە نۆژەن بکرێتەوە و 200 سەرچاوەی جیاوازی تری بۆ دابین بکرێت.. جگە لەوەش لەم سەنتەرە هەموو پێنج شەممەیەك، فیلمێکی سینەمایی نمایش دەکرێ، ئەو فیلمانەش زێتر فیلمی ناسراو و خەڵات بەدەستن.



**ئا/ زریان ئیبراهیم**

# هونەرمەند و نوسەران لەنێوان دوێنێ و ئێستێ و سبەینێ

## چۆپی فەتاح:

## هیوادارم کلیپە ئینگلیزییەکانم لە تەلەفزیۆنە جیهانییەکان جێگایان ببێتەوە



**تایبەت بە ( کۆوار)**

(چۆپی فەتاح) سەبارەت دوا پڕۆژە هونەریەکانی، بە( کۆوار)ی ووت، کە دوای دووسالْ کارکردن، دوا بەرهەمم لە قۆناغی کۆتاییدایە و بەم زوانە بلاْو دەبێتەوە. چۆپی ئاماژەی بەوەشکرد، کە ئەم بەرهەمە لە (12) گۆرانی پێك دێت، گۆرانیەکانیش بە سەرپەرشتی هونەرمەند(گۆران کامیل) لە ولاْتی سویْد تۆمارکراون و زیاتر لە(25) هونەرمەند کاریان تیْدا کردووە .

لە نیْویشاندا (4) گۆرانیان ئاوازی هونەرمەند( برهان موفتی)یەو (2) گۆرانیان لە ئاوازی هونەرمەند ( زیاد ئەسعد) و (2) گۆرانیان لە ئاوازی هونەرمەند ( ئیدریس بالیْتەیی) یەو گۆرانیەکیش ئاوازیْکی یۆنانیە، کە بە چەندەها زمان وتراوەتەوەو (2) گۆرانی فۆلکلۆری پۆرت پۆری کرمانجی سەرووشی تیْدایە.

لەمەڕ تیْکستی گۆرانیەکانیشی چۆپی وتی: تیْکستەکان هی هەریەك لە: فەرهاد شاکەلی ( سەربەستی )، کەمال میراودەلی کردوویەتی بە کوردی، ئیسماعیل خورمالْی، کەریم بەدەل بالیْتەیی، زیاد ئەسعد و فۆلکلۆرن .

هەروەها چۆپی ئاماژەی بە تەواو بوونی( 2)گۆرانی ئینگلیزی کرد، وەك خۆی وتی یەکیْکیان لە سەر کارەساتی هەلْەبجەیە و ئەویتریان عاتیفیە.

چۆپی نیازی وایە دوای بلاْوبونەوەی سیدییە کوردیەکەی، هەردوو گۆرانیە ئینگلیزیەکەی بکات بە کلیپ لە ئەمریکا، یان لە ئەوروپا، لەم رووەشەوە هیوادەخوازیْت لە تەلەفزیۆنە جیهانیەکاندا جیْگەیان ببیْتەوە.

هەروەها چۆپی ئەوەشی وت: دەبیْت بۆ کلیپ کردنی هەندیْ لە گۆرانیەکانی سیدیەکەم، مەبەستم سیدیە کوردییەکەیە، دەست بەکار بم.

شایەنی باسە( چۆپی فەتاح )دەنگیْکی ناسراوی کوردیەوە و لە ماوەیەکی کەمدا توانیوویەتی جەماوەریْکی زۆر بۆ خۆی پەیدابکات، کارە هونەریەکانیشی بوونەتە جیْی رەزامەندندی خەلْکی کوردستان..

چۆپی لە سالْی 1983 لە شاری کەرکوك لە دایك بووە، تەمەنی هیْشتا سیْ سالْ بووە، کاتیْك کە رژیْمی بەعس خەریکی بە عەرەب کردن و راگویْزانی خەلْکی کورد بوو لە کەرکوك، بۆیە بە ناچاری ئەو شارە جیْدەهیْلْیْ، پاشان لە ولاْتی هۆلْەندا جیْگیر دەبیْ، لەگەلْ دوو برای و دایك و باوکی دریْژە بە ژیانی خۆی دەدات، لە تەمەنی حەوت سالْیدا دەچیْتە گروپیْکی کۆرالْ لە هۆلْەندا، لە گەلْ ئەم گروپەدا کە زیاتر لە (20) مندالْ دەبن، بە سەرپەرشتی مامۆستایەکی هۆلْەندی فیْری گرو گالْی مۆزیك و گۆرانی وتن دەبیْت.

لە تەمەنی ( 13) سالْیشدا دەچیْتە قوتابخانەی دەنگ لە هۆلْەندا بۆ ئەوەی بتوانیْت بە شیْوەیەکی زانستیانە شارەزایی لەو بوارەدا پەیدا بکات، لەویْ زیاتر لە هەولْی ئەوەدا دەبیْت تۆنەکانی پاك بکاتەوە و هەندیْك لە سەرەتاکانی ئەو زانستە فیْر بیْت.

بۆ ماوەی دوو سالْ لەو قوتابخانەیەدا بەردەوام دەبیْت و پاشان سالْیْك دەرسی مۆزیك دەخویْنیْ، بە تایبەت ئامیْری ( کیبۆرد )، لە تەمەنی (16) سالْیدا بە ریْگەی هونەرمەند (جەواد)ەوە کە سترانبیْژیْکی کوردستانی باکوورە، لە گەلْ کۆما بەرخودان ئاشنا دەبیْ، دواتر دەچیْتە ئەکادیمی کوردی لە ئەلْمانیا و هەر لەویْش بە مامۆستا(وریا ئەحمەد) ئاشنا دەبیْت و یارمەتی زۆری دەدریْت تا دەچیْتە (medya tv) و بۆ یەکەم جار لە پرۆگرامی شانشین بەشداری دەکات.

هەروەها بە هاندانی ئاوازدانەر ( بورهان مەفتی زادە ) بیر لەوە دەکاتەوە کە بەرهەمیْکی سیدی بلاْو بکاتەوە.

یەکەم بەرهەمیشی ( چیت ناو بنیْم )ە، کە ( 9) گۆرانی لە خۆ دەگریْت، کە بریتین لە گۆرانیەکانی(خۆشەویستم چیت ناو بنیْم، سەرچاوەی ئاویْك، لە گەلْ خەم بوومە هاودەم، یارا من، لە مەحزونان، خۆشەویستەکەم ئەگەڕیْتەوە، هەڤالا من، خەمی دووری تۆ، هیْشتا ئاسمان) ( (4) گۆرانیان لە ئاوازی هونەرمەند ( بورهان موفتی )ین ، سەرەڕای ئەو بەرهەمە چۆپی زیاتر لە (30) گۆرانی لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان تۆمار کردووە و ئیْستاش خەریکی دووهەمیەتی، کە وەك چۆپی پی ڕاگەیاندین، بڕیارە بەم نزیکانە بلاْو بکریْتەوە.

# سەربەست رەسوڵ لە پڕۆژەی فیلمێك لە رواندز

## لە فیلمی ( ئەمڕۆ سبەی) بۆ فیلمی ( تەمی سەرخەرەند)


سەربەست رەسولی .. دەرهێنەر (کۆوار)

**تایبەت بە کۆوار:**

بڕیارە لە کۆتایی مانگی شوباتی2006 سینەماکاری کورد (سەربەست رەسوڵ)دەستبکات بە بەرهەمهێنانی چوارەمین فیلمی سینەمایی خۆی، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی گروپی فیلمەکە، لە کۆتایی مانگی رابردوو سەردانی رواندز و سۆرانی کرد، بۆ دەستنیشانکردنی شوێنەکانی وێنەگرتنی دیمەنەکانی فیلمەکە و کارەکتەرەکانی فیلمەکەی، کە سیناریۆی ئەم فیلمە لە دەقی رۆمانی( تەمی سەرخەرەند ) وەرگیراوە و باس لەسەردەمی مندالی چیرۆکنووس(شێرزاد حەسەن) دەکات.. لەم بارەیەوە( سەربەست رەسوڵ)ی دەرهێنەر بە (کۆوار)ی گوت:

فیلمەکە ماوەی دوو ساڵی دەوێ، لە نوسینی سیناریۆوە تا دەخرێتە سەر شاشە، زۆربەی کارمەندە تەکنیککارەکان لە وێنەگر و دیکۆریست و جلوبەرگ.. خەڵکی بیانی دەبن، کە دێنە ئێرە بۆ بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە.

هەروەهای گوتیشی فیلمەکە رۆمانێکی ( شێرزاد حەسەن )ە، بە ناوی ( تەمی سەر خەرەند ). رووداوی فیلمەکە هەمووی لە رواندزە و باسی گەنجێکی کورد دەکات، کە لە ئەوروپاوە دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی ولەگەڵ بیستنی گۆرانیەك، مندالی خۆی بیر دەکەوێتەوە، کە چۆن لەم شارە پەروەردە بووە و ژیاوە و لە گەڵ مندالانی دراوسێکانی و خەڵکی شارەکە، ئەمە ناوەرۆکی فیلمەکەیە، ئەوەی تر دەمێنێتەوە بۆ ئەو کاتەی فیلمەکە تەواو دەبێت، ئەوسا بینەر دەیبینێ.

(سەربەست رەسوڵ) سەبارەت بە وێنەگرتنی فیلمەکەش وتی: ، هەرچەند بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی لە کوردستان کارێکی ئاسان نیە، بەلاَم لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر هیچ کێشەیەك نەیەتە ڕێگا، لە کۆتایی مانگی شوبات دەست دەکرێت بە وێنەگرتن..لەراستیدا ئەمە کارێکە ئەتوانم بڵێم وەك مەحاڵ وایە، ئەگەر ئاسانیش نەبێت دەبێت هەوڵی زۆر جیددی بۆ بدەین.. ئێمە کە روومان کردە رواندز


هاوکارە رووسەکانی سەربەست (کۆوار)

خەڵکێکی زۆر دڵسۆز بە گەرمی بە پیرمانەوە هاتن، بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن بۆ ئەم فیلمە، ئێمەش بە پشتیوانی ئەوانەوە و بە دڵگەرمی ئەوان، ئەو شتانەی کە زۆر سەختیشن هەوڵدەدەین ڕێگەیەکی وا بدۆزینەوە بۆ هێنانیان، بە تایبەتی ئەو کەلو پەلانەی، کە ئێمە بە کاری دەهێنین.. هەر لە کامێرای سینەما و روناکی و هەموو شتەکانی دیکە، کە دەبێ لە دەرەوە بیانهێنین ئەمەش کارێکی ئاسان نیە .

کاری مونتاژ و دۆبلاژ و کۆپی و کارەکانی تر، هەمووی لە دەرەوە ئەنجام دەدرێن، هیچیان لە کوردستان نین، چونکە لە کوردستان ئەم کەل و پەلانە و ئەم جۆرە ئامێرانەی سینەما وەکو پێویست دەستناکەون ، ئەمە کارێکی تازەیە بۆیە لە کوردستان ناکرێت، بەڵکو هەمووی لە دەرەوە ئەنجام دەدرێت.. ئەم فیلمە دووەمین فیلمی درێژی منە و چوارەم فیلمە لە بواری سینەمادا .... فیلمی یەکەمیان بە ناوی ( سێبەر ) بوو، بە راستی رووداوێکی واقیعی بوو، کە بە سەر خۆم هاتبوو لە ساڵی 1988، ئەو کاتەی ماڵمان لە سلێمانی بوو، حکومەت تالاَنی کرد.

من بۆخۆم کتێبی خۆم لە بازاڕ دوای ساڵی 1993 کە گەڕامەوە کوردستان بینیەوە، ئەمە یەکێك لەوانەبوو کە ناوەرۆکی فیلمەکەی لێوەرگیرابوو بە ناوی ( سێبەر ).

فیلمی دووەمیشم (دیاری) ، کارێکی ئینسانی بوو باسی دایك و کچێکی دەکرد، کە دایکەکە تووشی خواردنەوەی ئەلکهول بووبوو، کچێکی قوتابی هەبوو، ئەمە کێشەیەکی ئینسانی بوو .

فیلمی سێیەمم ( ئەمرۆ سبەی ) فیلمێکی درێژی (35) ملم بوو، کە هەر لە مۆسکۆ بەرهەمم هێنا، ئەویش کێشەی خێزانێکی کورد بوو، کە بە ناچاری لە کەرکوك دەردەکرێن و ڕێگای هەندەران دەگرنە بەر، دوای ئەوە لە مۆسکۆ کێشەیەکی زۆر گەورەتر دێتە ڕێگەیان، کە کۆمەڵە کوردێکی عێراقی، ئەوکاتە پەیوەندییان نەبێت لەگەڵ سەفارەتی عێراقی، کێشەیەکی گەورە بۆ ئەو خێزانە دروست دەکەن.. بە جۆرێك ئەم خێزانە تووشی کێشەیەکی گەورە دەبن و ناتوانن ڕێگەی هەندەران بگرنەبەر، دواجار سەفارەتی عێراقی لە گەڵ پۆلیسی سویدی ئەو خێزانە ئەگرن و ئەیان نێرنەوە بۆ عێراق، بێشك ناردنەوەی ئەوانیش بۆ عێراق لە و کاتەدا دیاربوو چیان بە سەرهات .

سەبارەت بە ئەزموونی خۆشی وتی:" پێش سینەما من لە شانۆ کارم کردووە و ئیشی


ئازاد جلال و ئەنوەر شێخانی هاوکارانی سەربەست

شانۆیم زۆر کردووە لە سلێمانی و لە مۆسکۆ، بە تایبەتی من لە مۆسکۆ زیاتر کارم کردووە، چونکە دوای ئەوەی خوێندنی هونەریم لە موسڵ تەواوکرد، رۆیشتمە دەرەوە وەك پێشمەرگەیەك، تا کۆتایی ساڵی 1988، ئەو کاتە چوومە دەرەوە بۆ خوێندن، لە مۆسکۆش نزیکەی (6) دەقی شانۆییم خستە سەر تەختی شانۆ، ساڵی رابردووش لە سوید شانۆگەریەکی ترم نمایشکرد، بەلاَم لە ساڵی 1995 وە لە بواری سینەما کارم کردووە.

# سیروان سیرینی له كۆنگرێسی ئەمریكی



سۆلۆیست(سیروان سیرینی) ئەندامی فیدراسیۆنی میوزیكزانانی ئەمریكاو كەمانجەژەنی یەكەم لە كێنت و ودسیمفۆنی ئۆركێستر، پاش ئەوەی بەم دوایە بە مەبەستی هێنانەوەی دوو شاكاری گەورەی هونەری لە كوردستان بوو، گەڕایەوە ئەمریكا، لە پەیوەندێكدا لەگەڵ (كۆوار) لە ئەمریكاوە( سیرینی) پێی راگەیاندین، كە بڕیارە بەم زووانە شاكاری (سیمفۆنیایی كوردستان) لە كۆنگریسی ئەمریكا نمایشبكات، وێڕای ئەمەش لە چەند ویلایەتێكی ئەمریكیش هەمان بەرهەم نمایشدەكات. هەروەها ئەو وتی، ئێستا كار بۆ ئەوە دەكات شاكار و داهێنانی باشتر پێشكەش بە گەلەكەی بكات. شایەنی باسە بەر لەگەڕانەوەشی بۆ ئەمریكا(سیروان)لە هەڤپەیڤینێكی دێژدا لەگەڵ( گۆوار) سەربوردەی مندالّی و قۆناغەكانی ژیانی هونەری و جێهێشتنی ولاّت و گیرسانەوە له ئەمریكا دەگێڕێتەوە. لەم دیدارەدا (سیرینی) باس لە هەنگاوە بەرایەكانی تێكەڵبوونی لەگەڵ گروپە مۆزیكییەكان و ئۆركێسترای ئەمریكی دەكات.

ئەو دوو پڕۆژە هونەریەی، كە سیرینی وەك دیاریەك هێنایەوە كوردستان، بریتین لە پڕۆژەی ( كوردستان سیمفۆنیای سویت) كە شاكارێكی داهێنەرانەی ئۆركستراڵییە لە لایەن هونەرمەند( ئەحمەد ئەلجەوادی) دانراوە و دابەشكراوە، كە لە دوو توێی دوو جووڵە خۆی دەنوێنێ، جووڵەی یەكەم بەناوی( بەرەبەیانی هەڵەبجە) و جووڵەی دووەمیش بەناوی ( پاڵەوانانی كوردستان)ە، پڕۆژەی دووەمیشی دوو كۆنشۆتۆی كەمانجەیە، خۆی وەكو سۆڵۆ ژەن دەردەكەوێت، ئەم پڕۆژەیەش لە لایەن كۆمپانیایەكی سینەمایی ئەمریكی كلیپی بۆكراوە. ( كۆوار) لە ژمارەی داهاتوویدا دەقی هەڤپەیڤینێك لەگەل هونەرمەند( سیروان سیرینی) بلاّودەكاتەوە.

## هادی زیائەدین، خەیاڵ هەمیشە ئەیباتەوە ئامێزی پەیكەرەكان



لە وەلاّمی پرسیارێكی( كۆوار) دا ئاخۆ چ هەستێكی لەبەرامبەر كارە هونەریەكانی خۆی هەیە و چۆن دەڕوانێتە پەیكەرەكانی، پەیكەرتاشی ناوداری رۆژهەلاّتی كوردستان( هادی زیائەدین) وتی: بۆمن مایەی بەختەوەریە، كە لە چەندین شاردا لەوانەش سنە وئەسفەهان و قەزوین و سلێمانی و هەولێر، پەیكەرم دروست كردووە، هەموو كارەكانیشم لە لا گرنگ و بە بایەخن.. ئەوەی زیاتریش بەختەوەرم دەكات بوونی پەیكەری مەستوورەیە لە شاری هەولێری دێرین، مانەوەی ناوم لەتەك ئەم پەیكەرە زۆر خۆشحالّم دەكات، بۆیەشە لە سنەش هەمیشە هۆگری و غەریبیم بۆ ئەم كارە هونەریە دەجولّێت و تاسەی ئەم پەیكەرە دەكەم.

## نینا جەمال،
## سەرقاڵی كاری نوێیە



كچە گۆرانی بێژی كورد( نینا جەمال) وەك دەنگێكی تازەی گۆرانی كوردی، كە ئێستا لە ولاّتی ئوستراڵیا دەژیت، بەماوەیەكی كەم توانیویەتی شەیدا گەلێكی زۆری هونەری بۆ خۆی پەیدا بكات. (نینا) رایگەیاند، ئێستا سەرقاڵی كاركردنە لە چوار بەرهەمی تازە.. دوو بەرهەمیان بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند( فەرەیدون) تۆمار دەكرێن و كلیپیان بۆ دەكرێت، دوو بەرهەمەكەی دیكەشیان بەتەنها جێبەجێدەكرێن. جێی ئاماژە بۆكردنە نینا خاوەن بەهرەیەكی تایبەتییە، كە تواناى وتنی گۆرانی بە چەند زمانێكی جیاوازی وەك ( فارسی و توركی و ئینگلیزی ) هەیە. نینا لە دایكبووی ساڵی1984ی شاری سلێمانییە و قۆناغی سەرەتایی هەر لە سلێیمانی تەواو كردووە، ساڵی 1996 روودەكاتە ولّاتی ئوستراليا و لە شاری سیدنی جێگیر دەبێت. حاڵی حازریش سەرقاڵی كاری هونەریە و چاوەڕوان دەكرێ ببێتە دەنگێكی ناسراوی گۆرانی كوردی.

## كليپى ( يار) ى ناديا بەڕێوەيە



ژنە هونەرمەندی کورد( نادیا) کە لە دایکبووی شاری هەولێرە و لە وڵاتی کەنەدا دەژیت، پاش کلیپی( تۆم لەبیرە)، سەرقاڵی دوو بەرهەمی تری هونەرییە. نادیا رایگەیاند، کە دواین کاری تۆمارکردنی دوو گۆرانی نوێیە، کە بڕیارە بەم زوانە تەواوبێ، هەروەها کلیپکردنی گۆرانییەکی تازەیە بەناوی( یار). شایەنی باسە (نادیا) لە تەمەنی(4_5) ساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەی، کوردستان جێدەهێڵێ و لە وڵاتی ئێران دەگیرسێنەوە، ماوەی(17) ساڵیشە لە کەنەدا دەژیت.

## مێژووی رۆژنامەگەری کوردی بە فارسی



نووسەری کوردی دانیشتووی تاران( ماجید سەفەری) لە پەیوەندییەکدا بە (کۆوار)ی راگەیاند، کە ئەو سەرقاڵی نووسینەوەی مێژووی رۆژنامەگەری کوردیە بە زمانی فارسی.

(سەفەری) کە بەڕێوەبەری دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبە لە تارانی پایتەختی ئێران وتی: لەدەستپێکی مێژووی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە22ی نیسانی ساڵی 1898ەوە تا ساڵی 1975 بژاقی رۆژنامەگەری کوردیم نووسیووەتەوە.. بەردەوامیش دەبم لەسەر نووسینەوە و شرۆڤەکردنی بزوتنەوەی رۆژنامەڤانی کوردستان بە هەموو پارچەکانیەوە. وەك ئەو باسی کرد گۆڤاری (زاری کرمانجی) رواندز بەهۆی گرنگیەکەی لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، بە فراوانی لەم کتێبەدا باسی کراوە. هەروەها (ماجید سەفەری) ئاماژەشی بەوەکرد، کە پێشتریش لە پەرتوکێکی گەورەدا مێژووی180 ساڵەی رۆژنامەگەری ئێرانی بە زمانی فارسی نووسیووەتەوە.

## رەحیم مورتەزاوەند لە فیلمێکی سینەمایی لە کوردستان بەرهەمدەهێنێ



سینەماکاری ئێرانی ( رەحیم مورتەزاوەند) کە لەدایك بووی شاری (مەراغە)ی ئازەربایجانی رۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێستا لە تاران وەك فیلمسازێکی ناسراو کاردەکات، بەنیازە فیلمی داهاتووی خۆی لە کورستان دروست بکات. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کارە هونەرییەکانی (مورتەزاوەند) بە (کۆوار)ی گوت: هونەرمەندی ناوبراو بڕیاری داوە فیلمێکی سینەمایی لەمەڕ کێشەی کورد لە باشووری کوردستان بەرهەمبهێنێ. تەواوی دیمەنەکانی فیلمەکەش لە کوردستان تۆماردەکرێن. ژێدەرەکە ئەوەشی وت، کەبەم دوایە مورتەزاوەند بە سەردانێك هاتە شاری هەولێر و چەند شوێنێکی وێنەگرتنی بەسەر کردەوە و لە زەمینەی دروستکردنی فیلمەکەشی کۆڵیەوە. شایەنی باسە دەرهێنەری ناوبراو تا ئێستا چوار فیلمی سینەمایی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمهێناون ، کە دواین فیلمیان بەناوی (غەریبەی بریندار)ە.. مورتەزاوەندی فیلمسازی ئێرانی پێشتر لە تاران خاوەنی کۆمپانیایەکی دروسکردنی فیلم بووە ، بەڵام ئێستا لەگەڵ کۆمپانیایەك کاردەکات، هاوکات لە چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئێرانی لە بواری دراماو فیلمسازی کاردەکات، ژمارەیەك زنجیرە فیلمیشی بەرهەمهێناوە. فیلمسازی ناوبراو پێی وایە کاری هونەری سنوور ناناسێ و جوگرافیایەکی تایبەت بەخۆی نیە، بۆیەشە فیلمسازان لە هەرکوێیەك زەمینەی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەماییان بۆ برەخسێ، روو دەکەنە ئەوێ.

## هیرش هەورامی دووبارە دەگەڕێتەوە



هێرش هەورامی بە (کۆوار)ی راگەیاند، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی سیدیە نوێیەکەی هەوڵدەدات دووبارە بگەڕێتەوە کوردستان. ( هێرش)ی هونەرمەند باسی لەوەکرد، کە ئەو کارە هونەرییەی لە (9) گۆرانی شێوەزاری هەورامی و کرمانجی خووارو پێك دێ. هەورامی ئاماژەشی بەوەکرد ماوەیەکی زۆرە کار لەم بەرهەمەی دەکات، کە ئێستا تەواو بووە، بەڵام وەك خۆی وتی لەلایەن کۆمپانیایەکی کوردی دەستی بەسەرداگیراوە، بۆیەشە بڕیاری داوە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە جارێکی تر بگەڕێتەوە کوردستان.

## ڕۆژ کەریم لە ئەلبوومی عەشقی من



لــــە پەیوەندییەکــدا لەگــەڵ (کــۆوار) ڕۆژ کــەریمی هونەرمەنــد ئامــاژەی بــە دوا پــڕۆژەی هونەری خۆی کرد، کە بریتیە لە ئەلبوومێکی نــویێ گۆرانیــەکانی.ڕۆژ دەڵــێ: ئەلبوومەکــەم لــەژێر نــاوی (عەشــقی مــن) بــڵاو دەبێتــەوە، کە پێك دێ لــە کۆمــەڵێك گــۆرانی تــازە، هــۆنراوەی گۆرانیــەکان لــە لایــەن (هــێمن شــێخ عومــەر) نووســراون و کــاری مۆســیقاو ئاوازدانــانیش لەلایەن خۆمــەوە جێبەجێکراوە.شایەنی گوتنــە (ڕۆژ کەریم)دەنگێکی ناسراوی ئەمڕۆی گۆرانی کوردیە و خاوەن جەماوەرێکی بەرچاویشە.

## چاپکردنی دیوانی شاعیرانی کورد لە ئیستەمبۆڵ



عەبــدوڵلا کەســکین بەڕێوەبــەری دەزگــای چاپ و پەخشی ئافێستا لە ئیستەنبۆڵ لە لێدوانێکیدا بــە (کــۆوار)ی ڕاگەیانــد، کــە دەزگاکــەیان پڕۆژەیــەکی تایبەت بە چاپکردنی دیوانی شاعێرانی کوردی گەڵاڵــە کــردووە. وەك کەســکین ئامــاژەی بــۆ کــرد، پڕۆژەکــەیان خــۆی لــە گواســتنەوەی شــیعری شــاعیرانی ســەردەمی کلاسیك لــە ڕێنووســی عــەرەبی بــۆ ڕێنووســی لاتینــی دەنــوێنێ. ئــەو وتــی ئــەو کتێبانــە بــریتین لــەدیوانی کۆمەڵێك شاعێری ناسراوی باشووری کوردستان.

## ( ناتاشا )، دەنگێکی کڕی ژنانە قسە بۆ ڕۆژنامەنووسان ناکات



کــچە ئەکتــەری ســینەمایی ئێرانــی( ڕوئیــا نونهــالی)، کــە دەوری (ناتاشــا)ی لــە زنجــیرەی (تــاپۆ)دا بینــووە،لــە سەرتاســەری ئێــران و چەندین وڵاتی دیکە ناسراوە، لە کوردستانیش لە ڕێگای فیلمی (تاپۆ) وەك ئەکتەرێکی بەتوانا و ســەرنج ڕاکــێش دەرکــەوت و نازنــاوی پەیــداکرد. ڕوئیــا لــە ســاڵی 1962 لــە تــاران چــاوی بــەدونیا هــەڵێناوە، دەرچــووی بەشــی وێنەیــە لــە ئــەکادیمیای هونەرەجوانــەکانی تاران . بۆیەکەم جار لە ساڵی 1983 بەشداری لە کارێکی هونەری کردووە لە فیلمی (خەمی غــەریبی لــە غوربەتــدا). هــەروەها بــەهۆی ئــەو دەورەی، کە لە فیلمی (بووکی باش) گێڕای، تــوانی خــەڵاتی باشــترین ئەکتــەر وەربگرێــت لــە فیــستیڤاڵی (ســیمرغی بلــورین). تــا ئێــستا بەشــداری لــە کۆمــەڵێك فــیلم کــردووە، لەوانــە: (یــار لــە ماڵــەوە، بــووکی بــاش، بــاغی مــیر، ئــاو شێلوومەکە، قوتابخانەی ڕەجائی، دیدارێك لە ئەستەمبۆڵ، باڵندەی ئاسن، پیاوی ناتــەواو، ئەوان کەسیان خۆش ناوێ، بۆنی کافور و گوڵاوی یاس، زیندانی ئافرەتان، خانوویێك لەسەر ئاو، خــەو و بێــداری (تــاپۆ)، گەشــتێکی زۆر درێــژ، هاوهەناســە). ســەبارەت بــە بینینــی ڕۆڵــی ناتاشــا لــە فیلمــی (تــــاپۆ)، ڕوئیا دەڵــێ: "ئەو ڕۆڵەی ناتاشــا ،کــە لــــــە فیلمی(تاپۆ) گێڕاومــــە بــەدڵی خــۆم نــــەبووە، هەرچــــەندە لــــــەناو جــــەماوەردا زۆر پەســــند بــــووە. بــەم دوایــــــە پــــەیامنێری



یــەکێك لــە ڕۆژنامــەکانی تــاران لــە هــەوڵی ئــەنجامدانی دیــدارێکی ڕۆژنامەنووســی دابــووە لەگــەڵ ژنــە سینەماکاری بەناوبانگی ئێرانی(ڕوئیا نونهالی)، بەڵام وەك پەیامنێرەکە نووسیوویەتی، ئەو ئامادە نــەبووە قســەی بــۆ بکــات .. ڕۆژنامــە نووســەکە دەڵێــت: هــەموو ڕۆڵــی ڕوئیــا لــە دەوری ناتاشــا لەیــەك نیگادا چڕبۆتەوە، نیگا و فرمێسکێك، کە لە چاوی سووریەوە هاتۆتە خوارەوە..ئەو بەردەوام دەبــێ و دەنووســێ، ئــەو نیگایــەی ڕوئیــا لــە فیلمــەکانی (خانوویێــك لەســەر ئــاو) و ( یــاری لــە تەنهاییــدا) پتر دەردەکەوێ، بۆیە ویستم لە سەر نیگا و دەنگ و توانا و پڕۆژەی داهاتووی بیدوێنم، بەڵام تائێستا وەڵامێکــی ئــەرێنی نەداومەتــەوە، جێــی خۆیــەتی خوێنــەر بــە نهێنیــەکانی ژیــانی ئــەم ژنــە ئاشــنابێ، چــونکە چــەندین جــار گــوێمان لــە ســەدای دەنگــی ئــەوبووە، دەنگێــك ،کــە نــاکرێ لــەیاد بکــرێ، ئــەو دەنگــــە، دەنگێکــــی کــــڕی ژنانەیــــە، وشــــەکانی یەکــــە یەکــــە دەردەبــــڕێ.

**شــــوباتــی**
**2006**

# ژیان لە نێو سندوقێکی گەورە.



رەگەز رەشید

رەنگە هیچ فۆرمێك بەقەد وێنەی سندوق ژیانی ئێمەی داگیرنەکردبێت و هەرکەس لە ئێمە خاوەنی چەندان سندوقی تایبەت بەخۆیەتی و دواجاریش لە نێو چەندەها سندوقی ئاشکرا و شاراوە ژیان بەسەردەبات.

لەماڵدا لە نێو سندوقێکی گەورەداین و لە ژوورەوەش لە نێو سندوقێکی بچوکتر.. کە شەوان دەخەوین، لەسەر سندوقێك پاڵدەکەوین و بەیانیانیش دەرگای چەندەها سندوق دەکەینەوە (دەرگایەك بۆ خۆگۆڕین و دەرگایەك بۆ خواردەمەنی و، دواجاریش لەسەر سندوقێکی دیکە چێشت ئاماد دەکەین و لەسەر یەکێکی تریش نان دەخۆین). کە دەچینە دەرەوەش بەسواری سندوقێکەوە (ئۆتۆمبێل) دەڕۆین و بۆ گوێ گرتن لە گۆرانیش لەنێو هەمان سندوق، کاسێتێك لە شێوەی سندوقێکی بچووك دەخەینە نێو سندوقێکی گەورەترەوە.. کە دەچینە هەر شوێنێکی تریش، لە دەرگای سندوقێکی تر دەدەین و بەرەو سندوقی تر دەچینە ژوورەوە.

*　　　　*　　　　*

هیچ کام لە ئێمە گیرفانەکانمان بازنەیی نین و کەسیشمان تابلۆیەك ناخاتە نێو سێگۆشەیەك و هەڵیواسێ، کاتێکیش بیر لە زەمەن ئەکەینەوە، چاومان بۆ سندوقەکان دەگێڕین و لەنێو سندوقی جیاواز جیاوازەوە وێنەکان دەبینین.. بیرکردنەوە لە داهاتووش، بیرکردنەوەیە لە سندوقێکی تر کە نەدۆزراوەتەوە.. رەنگە زێدڕەویش نەبێت ئەگەر بڵێین هیچ سەردەمێك هێندەی ئێستا، ژیان پڕی نەکردووە لە سندوقی جۆراوجۆر، واتە تا ژیان دەڕوا سندوقی نوێ تر ئەدۆزێتەوە، بۆیەش دەکرێت بڵێین، پەیوەندیەکی هاوتەریب لە نێوان پێشکەوتن و سندوقەکان ئامادەیە. بە واتایەکی تر مرۆڤ لەو کاتەی لەنێو ئەشکەوتەکان دەژیا و ئەشکەوت تاکە ماڵێك بوو بۆ هەموویان، سندوق ئامادە نەبوو، وەلێ کاتێك ماڵی کرد، هاوکێشەکان گۆڕان و هەرکەسێك بووە خاوەن گیرفان و سندوقی خۆی. هەریەکێکیش لەو سندوق و گیرفانانە، ماڵی تایبەت و شوێنی نهێنیەکانی بوو. ئیدی لەوێی ئەو ماڵە تایبەتانە سندوقەکان زێتر درەوشانەوە..

*　　　　*　　　　*

سەرجەم ستراکتۆرە تەکنەلۆژییەکان لە سندوق ئەچن، لە تەلەفۆنەوە بگرە بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن و فاکس و مۆبایل و دواجاریش بۆ تازەترین دۆزینەوەی نوێ، کە کۆمپیوتەرە. بۆیەش هەریەکێك لەو سندوقە تەکنەلۆژیانە مرۆڤ ناچار دەکات بەردەوام ببێتە کۆیلەی سندوقەکان.

*　　　　*　　　　*

هەر یەکێك لە ئێمەخاوەن چەند سندوقێکی تایبەتین، بەشێك لەو سندوقانە هەڵگری نەهێنیەکانن، رەنگە نزیکترین و پڕنەهێنیترین سندوقیش (گیرفان) بێت، بۆیەش ئەکرێت کردنەوەی سندوقەکانی تر زۆر زەحمەت نەبن، بەلاّم ئاشکراکردنی ئەوەی لەنێو گیرفانە کارێکی ئەستەم بێت.

*　　　　*　　　　*

کە نامەیەکی دڵداری بۆ یارەکەت دەنووسی، دەیخەیتە نێو سندوقێکەوە و توند چەسپی دەکەیت، دەفتەری یاداشتنامەکانیش تا ئەو کاتەی دەمری، لە خوێندنەوەی کەسانی تر بەرگری لێدەکەیت. شتە ئەنتیك و بەنرخەکانیش دەخەینە نێو سندوقێکی تایبەتەوە، لە سەفەریش جانتاکەت کە چەند سندوقی جۆراجۆر دەگرێتە خۆ، بەسەر شتە تایبەتەکان دابەش دەکەیت..

*　　　　*　　　　*

بەشێکی زۆری بێتاقەتی کەسی زیندانی، پەیوەندی بەو سندوقە داخراوە هەیە، کە بە بچوکی لەنێوی دا شەو رۆژ دەکاتەوە، کاتێکیش مرۆڤ حەزدەکات بچێتە نێو سروشت و لە تەك دار و گوڵ دابنیشێت، هێندە چێژ وەرگرتن نییە لە جوانیەکانی، هێندەی حەزێکی نادیارە، کە لە نەست و سایکۆلۆژیەتی لە دایك دەبێت بۆ راکردن لە سندوقەکان، بۆیەش جیهانی دەرەوە، جیهانی دوورکەوتنەوەیە لە سندوقەکان.

*　　　　*　　　　*

کە دەمریت دەتخەنە نێو سندوقێکەوە، لەژێر خاکیش بۆ دواجار لەنێو سندوقێکی تەسك دەمێنیتەوە.

r_ragaz@ yahoo.com